# ڕەوشی خوێندنی فەرمی لەقوتابخانەکانی شاری هەولێر 1980 – 1991
## (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – بەڵگەنامەییە)

**سنور صباح صدیق** بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ئیمەیڵ: snursk@su.edu.krd

**پوختە:**
بابەتی بارودۆخی خوێندنی فەرمی لەشاری هەولێر گرنگیەکی مێژوویی و کەلتووری بەرچاوی هەیە، بەتایبەت بۆ شارێک کە مێژوونووسان لەسەرچاوە مێژووییەکان دووپاتیان کردۆتەوە کە یەکێکە کۆنترین شارەکان لەجیهان.
بابەتی بارودۆخی خوێندنی فەرمی لەشاری هەولێر لەنێوان سالآنی 1980 – 1991 بابەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە لەلایەن توێژەران و هیچ توێژینەوەیەکی زانستی دەربارەی ئەنجام نەدراوە، بۆیە پێویستییەکی زانستی هەیە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ئەم بابەتە.
هۆکاری هەڵبژاردنی ماوەی توێژینەوە (1980 – 1991) دەگەڕێتەوە بۆ هەڵگیرسانی شەڕی عێراق – ئێران لەساڵی 1980 کە کاریگەری هەبوو لەسەر هەموو جومگەکانی ژیان، وە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم شەڕە لەساڵی 1988 کۆتایی پێهات بەڵام کاریگەریکانی هەر مابوونەوە بەسەر هەموو جومگە جیاکانی ژیان لە عێراق و لەشاری هەولێر، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کێشەو گیروگرفتە سیاسییەکان زیاتر قووڵ بوونەوە لەوکاتەدا هەتا عێڕاق هەڵسا بەداگیرکردنی کوێت لەساڵی 1990 دواتریش سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانی ساڵی 1991 کە لەنێوانیشاندا ڕاپەڕینی گەلی کوردیش سەری هەڵدا بەمەبەستی دامەزراندنی کیانی هەرێمی کوردستان، وە لەو کاتەوە قۆناغێکی تازە لەمێژووی ناوچەکە دەستی پێکرد.
ئەم توێژینەوەیە پێک دێت لە دەروازەیەک بۆ بابەتەکە وە هەروەها دوو تەوەری سەرەکی لەخۆ دەگرێت وە کۆتایی هاتووە بە لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان، لەدەروازەی توێژینەوەکە باسی خوێندنی فەرمی کراوە لەشاری هەولێر لەنێوان سالآنی 1970 – 1980، وە تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ بۆ لێکۆڵینەوە لەبارودۆخی سیاسی و پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لەنێوان سالآنی 1980 – 1991، وە لەتەوەری دووەم باسی یاساو ڕێساو ڕێنماییەکان و پرۆگرامەکانی خوێندن لەماوەی نێوان 1980 – 1991.

**کلیلە وشەکان :** خوێندنی فەرمی، قوتابخانەکان، قوتابیان، مامۆستایان، یاساو ڕێساکان، شاری هەولێر.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# پێشەکی

خوێندنی فەرمی لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر 1980-1991، توێژینەوەیەکی مێژوویی – دۆکیۆمێنتارییە لەسەر ڕەوشی خوێندن لەم شارەدا. لە دەستپێکی شەڕی عێراق و ئێران لە ساڵی 1980 دەستپێدەکات کە دۆخی شەڕ گۆڕانکاری بەسەر هەموو جومگەکانی ژیاندا هێنا و پرۆسەی پەروەردەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری ئەم دۆخەی لەسەر بوو. هەرچەندە ساڵی 1988 شەڕ لەگەڵ ئێران کۆتایی هات بەڵام ئاڵۆزی سیاسی ناوەخۆی لە عێراق دا تەشەنەی سەند دواتر لە ساڵی 1990 شەڕی نێوان عێراق و کوێت دەستی پێکرد. توێژینەوەکە لە ساڵی 1991 کۆتایی پێدێت، چونکە لەم ساڵەدا دۆخێکی تر هاتە پێشەوە کە ئازادکردنی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بوو، لەدوای ساڵی 1991دا قۆناغێکی نوێی مێژووی پەروەردەو خوێندن لە شاری هەولێرو ناوچەکەدا بەرجەستە دەبێت.

هۆکاری هەلبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بابەتەکەو نەبوونی توێژینەوەی ئەکادیمی لەم ماوە مێژووییە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم لایەنە وەک پێویستی گرنگی پێنەدراوە، ئەم توێژینەوەیە لەژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکان ڕاستیەکانی خستۆتەڕوو.

گرنگی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە کە دەبێتە سەرەتایەک بۆ بایەخدان بەڕۆڵ و پێگەی مامۆستایان و مێژووی دروستبوونی قوتابخانەکانی شاری هەولێر کە زۆر بەکەمی گرنگی بەم لایەنە دراوە.

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بەناوەندی شاری هەولێر، هەرچەندە هەندێ جار بەناچاری سنووری شاری تێپەڕاندووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەرژمێری و تۆمارەکانی ساڵانەی تایبەت بەقوتابخانەو قوتابی و مامۆستا لەسەر ئاستی سەنتەری شار، بۆیە بەناچاری لە هەندێک شویندا لەسەر ئاستی پارێزگا ئاماژەی بۆکراوە.
چەند میتۆدێکی جۆر بەجۆری توێژینەوە پەیرەکراوە، بە شێوەیەکی تایبەت میتۆد و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی ڕەچاوکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک شوێندا میتۆدی شیکاری زانستی و سیاسی بەراوردکاری بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکان کراوە، لە هەندێک شوێندا میتۆدی کرۆنۆلۆژی (گێڕانەوەی ڕووداوەکان) بەرچاو دەکەوێت.

ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوە لەچەند لایەکدا خۆی دەدۆزێتەوە، لەلایەکەوە ڕەوشی خوێندن و پەروەردە لەلایەن توێژەرانەوە گرنگی زۆری پێنەدراوە لەلایەکی تریشەوە سەرەڕای کەمی داتاکان و هۆو شێوازی بەڵگەنامەکان کێشەیەکی تر بوون کە دەستکەوتنی بەڵگەنامەکان لە ڕێگەی پەیوەندی تاکە کەسی و گەڕانی ماڵ بەماڵی مامۆستایان بووە، نەبوونی خانەی ئەرشیفیکی تایبەتی پەروەردەی لەسەر ئاستی هەریم و پارێزگای هەولێر ئاستەنگەکانی قورستر کردووە، لەلایەکی تریشەوە نەبوونی ئامارێکی پەروەردەیی بۆ ساڵی دامەزراندنی قوتابخانەکان و ناوی قوتابخانەکان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و تێکەڵاوبوونی قوتابخانەکان لەگەڵ یەک و بوونیان بەیەک قوتابخانە، ئەمەش کێشەیەکی تری بەردەم توێژەربووە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دەروازەو دوو تەوەرە پێکهاتووە بەئەنجام و لیستی سەرچاوەو پاشکۆکان کۆتایی پێ دێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

دەروازە: تایبەت کراوە بە رەوشی خوێندنی فەرمی و پەروەردەی لە شاری هەولێر لەنێوان سالآنی 1970-1980. تەوەرەی یەکەم: تەرخانکراوە بە دۆخی سیاسی و پرۆسەی خویندن لە دوو باس پێک هاتووە، یەکەمیان تایبەتە بەکاریگەری دۆخی سیاسی لەسەر پرۆسەی خویندن، دووەمیان تایبەتە بە ژمارەی قوتابی و مامۆستا و قوتابخانەکان. باسی دووەم: تەرخانکراوە بۆ یاسا و پرۆگرامەکان، کە لە دوو باس پێک هاتووە، باسی یەکەم باس لە یاسا و رێساو رینماییە پەروەردەیەکان دەکات، باسی دووەم تایبەتە بە خولەکانی مامۆستایان و پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانەکانی شاری هەولێردا.

بۆ ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت بەستراوە بەسەرچاوەی هەمەچەشن و هەمەجۆر، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەستراوە بە بەڵگەنامەکان بەتایبەت بەڵگەنامە بلاونەکراوەکان بەشێکیان لە ئەرشیفی بەرێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر پارێزراون، ئەم ئەم بەڵگەنامانە تایبەت بوون بە دامەزراندنی قوتابخانەکان و راپۆرتی سالآنەی سەرپەرشتیاران بەشێکی تریش بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان ئەو بەلگەنامانە بوون کە لە ئەرشیفی کەسایەتی و مامۆستاکانی هەولێر پاریزراوبوون وەک (حەمەکەریم هەورامی، عبدالهادی عبدالرحمان، عبدالرزاق بیمار ...)، ئەم بەڵگەنامانە زانیاری گرنگیان تێدابوو سەبارەت بەخولە پەروەردەیەکانی مامۆستایانی شاری هەولێر، لێژنەی وەرگێرانی کتێب بۆسەر زمانی کوردی لە زمانی عەرەبییەوە.

بەڵگەنامە بلاوکراوەکان، سودیان لێوەرگیراوە بەتایبەت ئەوانەی لەلایەن دەزگا فەرمیەکان بڵاوکراونەتەوە، سەبارەت بە ئامارو تۆمارە فەرمیەکانی دەولەتی عێراق بوون گرنگیەکی زۆریان هەبووە چونکە داتاو زانیاری پربایەخیان سەبارەت بەژمارەی قوتابی و مامۆستا و قوتابخانەکان لەشاری هەولێر لەخۆگرتووە بەتایبەت سەرژمێریەکانی سالآنەی وەزارەتی پەروەردە، بریارەکان و سیستەمەکانی وەزارەتی پەروەردە گرنگی پڕبایەخیان هەبووە بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەکە. یاداشتەکان وەک (چیرۆکی من و گوندەکەم)ی(حەمەکەریم هەورامی) پشتی پی بەستراوە، کتێبی قوتابخانەکان و بیلۆگرافیای دووسەد ساڵی کتێبی کوردی 1787-1986ی (مصطفی نەریمان) سوودیان لێوەرگیراوە.

لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هیچ لێکۆڵینەوەیەک بەدەرنییە لە کەمووکوری، بەڵام ئومێد دەکەین توێژینەوەکە بتوانێت لەخانەی کارێکی زانستی دۆکۆمێنتاری دا بێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## دەروازە: دۆخی خوێندنی فەرمی لە شاری هەولێر لەنێوان ساڵانی 1970-1980

بەیاننامەی 11ی ئاداری 1970 بەیەکێک لە دەستکەوتەکانی گەلی کورد هەژمار دەکرێت لە خەباتی سیاسی چەکداری مێژووی نوێ و هاوچەرخ دا، لەڕووی سیاسیەوە بەشێک لە ماف و داواکاریەکانی گەلی کورد دانی پێدانرا، لەڕووی رۆشنبیری کوردی و بایەخدان بە زمانی کوردی بەشیکی زۆر لە داواکاریەکانی گەلی کورد لەم بەیاننامەیەدا ئاماژەی پێکراوە.

سەبارەت بە مافە رۆشنبیریەکان و زمانی کوردی، لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە زمانی کوردی دەبێت بە زمانی فەرمی لە پاڵ زمانی عەرەبی لەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردنشینن و دەبێت بەزمانی خوێندنیش لەگەل زمانی عەرەبی لەم قوتابخانەی ئەم ناوچانەدا، بریار دەریت، بەکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری قوتابخانە لە ناوچە کوردیەکاندا و بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەو خوێندن لەم ناوچانەدا[1].

هەرچەندە ئەم خاڵانەو خالەکانی دیکەی بەیاننامەکە بەشێکی سەرەکی داواکارییەکان و ویستەکانی گەلی کوردبوو، بەڵام کەمی لێ جیبەجێ کراو زۆر شت وەک خۆی مایەوەو بەڵێنەکان نەبرانە سەرو لەگەڵ تێپەڕینی کات کێشەی گەورەی لێ دروست بوو. یەک لە دەستکەوتەکانی تر دامەزراندنی (کۆڕی زانیاری کورد) بوو، کە دامەزراندنەکەی بەبریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەپێی یاسای ژمارە (183)ی ساڵی 1970 بوو کە ئەم یاسایە (25) ماددەی لەخۆگرتووەو ئامانج و پێکهاتەی (کۆڕی زانیاری کورد) دیاری کراوە[2]، کۆڕ بایەخێکی تایبەتی بە کێشەکانی زمانی کوردی داوە[3]، لە کارە شایستەکانیشی دەرکردنی گۆڤارو کتێب بوو[4].

مامۆستایانی شاری هەولێریش لەگەڵ ئەو ئازادیە کاتیەی کە ئەوکات رەخسابوو چالاکانە بەشداربوون لەدامەزراندنی کۆمەلەکان و بەستنی کۆنگرەکان بۆنمونە لە 2-3ی شوباتی 1972 لەژێر دروشمی (بەزۆر فێرکردن- یەکێتی نیشتمانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە (هۆڵی گەل) لە شاری هەولێر بەستراوە، ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی شاری هەولێر لەم کۆنگرەیەدا بەشداربوون، تەنانەت لە هەڵبژاردنی ئەندامانی سکرتاریەتی تازەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان سەرۆک و جیگری یەکەم و دووەم لەمامۆستایانی ئەم شارەبوون[5]، مامۆستایان لەم کاتەدا رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر گۆڤارو بلاوکراوەی لە قوتابخانەکانی شارەکەدا. دواتریش چاپخانەی پەروەردە دامەزراوە بەشێوەیەکی فەرمی لە ساڵی 1978 لە ئاهەنگێکدا کراوەتەوە، کە رۆڵی هەبووە لە بەرەو پێشخستنی بواری پەروەردە[6].

---

[1] مجلس قيادة الثورة، رقم القرار (288)، تاريخ القرار 1970/3/11.

[2] الوقائع العراقيه، عدد (1917)، 1970/9/8.

[3] د. ئازاد عوبید سالّح، کۆڕی زانیاری کورد لیکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، گۆڤاری (ئەکادیمیای کوردی)، ژمارە (39) هەولێر، 2017، ل258.

[4] بۆ زانیاری زیاتر بروانە: د. ئازاد عوبێد سالّح، کۆڕی زانیاری کورد کارو چالاکیەکانی 1970–1978، گۆڤاری (ئەکادیمیای کوردی)، ژمارە (40)، هەولێر، 2018، ل86 ؛ شوان سلێمان یابە، ئیندێکسی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد 1973–2002، هەولێر، 2006، ل ل43،63، 105 .

[5] وشیار حەمەد حاجی، یەکیتی مامۆستایانی کوردستان (چەند لایەنێکی مێژووی سەرهەڵدان و تێکۆشان 1962–1998)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 1998، ل93.

[6] نزار جرجيس على، صحافه اربيل، بغداد، 1988، ص ص 95–98، 220–221.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

جێگای ئاماژە پێکردنە لە ساڵی 1971یشدا (پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان) لە شاری هەولێر کراوەتەوە[1]، کە ڕۆڵی هەبووە لە زیادبوونی مامۆستاو تارادەیەک پڕکردنەوەی پێداویستی قوتابخانەکان بۆ مامۆستا.

ژمارەی قوتابی و مامۆستاو قوتابخانەکان لەنێوان ساڵانی 1970–1980 بەشێوەیەکی زۆر فراوان زیادی کردووە، هەر چەندە دوای ساڵی 1974 هەندێک ئاستەنگ لەبەردەم خوێندنی کوردی هاتۆتە کایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە شارەکەدا بەشێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتووە، ژمارەیەکی زۆر یاسا و ڕێساو سیستەمی تایبەت بەقۆناغەکانی خویندن بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی کەرتی پەروەردە دەرچووە، کتێبەکانی خوێندنی قوتابخانە بەشێکی زۆریان وەرگێردراونەتە سەر زمانی کوردی ئەمەش کاریگەر بووە لەسەر زیادبوونی ژمارەی قوتابی چونکە خویندن لەسەرەتاییەوە تا زانکۆ بەزمانی دایک دەخویندرا[2].

جێگای سەرنجە لە ساڵی 1978 یاسای ژمارە (92) راگەیەندرا لەژێر ناوی (هەڵمەتی نیشتمانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ئیلتزامی لە عیراق)[3]، بەم پێیە ژمارەیەکی زۆر بنکەی نەهێشتنی نەخویندەواری لە شاری هەولێر کرانەوەو، ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتیانی ئەم شارە سودمەندبوون لەم هەڵمەتە.

## تەوەرەی یەکەم: دۆخی سیاسی و پرۆسەی خوێندن لەنێوان ساڵانی 1980-1991

### باسی یەکەم: کاریگەری دۆخی سیاسی لەسەر پرۆسەی خوێندن

لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی عێراق – ئێران، دۆخی عێراق بەگشتی و لەم چوارچێوەیەشدا هەولێر بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگەکەوە گۆڕانکاری بەسەرداهات، ئەم جەنگە کەماوەی هەشت ساڵی خایاند، کاری کردە سەر هەموو جومگەکانی ژیان، یەک لەو جومگانەش دۆخی پەروەردە بوو، مامۆستایانی شاری هەولێر بەگشتی تووشی نەهامەتی بوونەوە، بۆنموونە لەماوەی ئەم جەنگەدا مامۆستایان بە زۆرە ملێ برانە نێو ریزەکانی جەیشی شەعبی و داوایان لێکراوە کە بە جلی زەیتونییەوە بچنە ناو هۆڵەکانی خوێندن و وانە بڵێنەوە، ئەوەی گوێڕایەڵی قسەکانیان نەکردبوایە، هەڕەشەیان لێکردووە بە دوورخستنەوەو لادان لەسەر کارەکانیان، یان ئەو مامۆستایانەیان دەگرت و دەیانبردنە سەربازگەی مەشق و ئازاریان دەدان.

لەهەمان کاتیشدا هەندێک لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر بەتایبەتی ئەو قوتابخانانەی گۆڕەپانی فراوانیان هەبوو لە هەندێک کات دەکران بەمەیدانی مەشقپێکردنی مامۆستایان، بۆنموونە قوتابخانەی (ناوەندی قەندیل کوڕان)[4]، ئەو کات لە پشتەوەی قوتابخانەکە حەوشێکی گەورەی چیمەنتۆکراوی هەبووە، ئەو شوێنە کراوە بە گۆڕەپانی راهێنانی مامۆستایان بۆ جەیشی شەعبی.

---

[1] قادر مجید قشوری، پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان– هەولێر، گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەی)، ژمارە (12) 2001، ل26.

[2] بۆزانیاری زیاتر بروانە: سنور صباح صدیق، خویندنی فەرمی لە شاری هەولێر 1958–1980، توێژینەوەیەکی مێژوویی – بەڵگەنامەیی، (نامەی دکتۆرا بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب – بەشی مێژو، هەولێر، 2019، ل ل 162–204، 223–263.

[3] قانون الحمله الوطنية الشامله لمحوالامية الالزامی، رقم (92)، 1978/5/22.

[4] ئەم قوتابخانەیە لە گەڕەکی روناکییە لە نزیک بنکەی تەندروستی (نافع ئاکرەیی)



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020**

شایەنی باسکردنە مامۆستایانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییان پاش نیوەڕۆیان کۆکردۆتەوەو مەشقی سەربازیان پێکردوون و، پەیڕەو و پڕۆگرامی ڕەگەز پەرستانەی بەعسیان بۆ باسکردوون و بۆ خوێندوونەتەوە، هەندێ جاریش قوتابیانیان لە قوتابخانەکاندا بۆ ماڵ ناردووەتەوەو، مامۆستاکانیش بەرەو یەکێک لە مۆڵگەکانی بەعس بەڕێکراون، بۆنموونە یەک لە مۆڵگەکانی بەعس (منظمة یرموک) بووە، هەندێک لە مامۆستایان بەرەو ئەو مۆڵگەیە براون، هەر یەک لە مامۆستایان پەڕۆیەکی سپیان لە قۆڵیان بەستراوە و پۆل پۆل ریزکراون و هەر پۆلێکیش چاودێرێک بەدیاریانەوە وەستێنراوە، هەر یەک لەو پۆلانەش بە (کردوس) ناوبراون کە ئەمەش وشەیەکەی عەرەبییە بەبڕگەی جومگەیەکی لەش دەوترێ، دواتر مامۆستایان بەرەو تەلاری بەرز بردراون و لەسەربانی ئەم تەلارانە پۆل پۆل دابەشکراون، بەمەبەستی ئەوەی گوایە کە ئێران هێرشی کردە سەر ناوچەکە، مامۆستایان ئاگاداری حکومەت بکەنەوە.

لەلایەکی تریشەوە زۆرجار مامۆستایان لەسەر بەکارهێنانی ڕەشاش و دۆشکە ڕاهێنراون، بەتایبەت ئەو مامۆستایانەی بەعسی نەبوون، کە ئەمەش تەنیا بەمەبەستی بێزارکردنیان بووە[1]، تەنانەت بەشێک لە مامۆستایان بەهۆی ڕەفتاری خراپی بەعسیەکان و بێزاربوونیان لە ڕەوشەکە خۆیان خانەنشینکردوە، یان بەزۆر خانەنشین کراون، بەشێکیان بەهۆی بەشداری لە مەشقە سەربازییەکان و نەبوون بە بەعسی یان جەیشی شەعبی، لە شوێنەکانی خۆیان گواستراونەتەوە بۆ باشووری عێراق یان هەر لە سنووری پارێزگاکان لە پەیمانگاوە بۆ ناوەندی یان لەناوەندییەوە بۆ سەرەتایی گواستراونەتەوە، هەر مامۆستایەکیش بەبیروبۆچوونەکانی بەعس ڕازی نەبوایە یان درکیان بکردایە جۆرە دژایەتییەک هەیە، ئەوا ئەو مامۆستایە دووچاری هەڕەشەو تۆقاندن و دەستگیرکردن و زیندانیکردن بۆتەوە.

لەگەڵ گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر و گۆڕینی ناوی زانکۆکە بۆ زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی 1981، ئیتر لەمە بەدواوە کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی ڕوبەڕووی ڕەوشێکی ناسەقامگیر بۆوە، لە ساڵی 1983 بەسەرەوە چەندین خۆپیشاندان لەو شارەدا سەریانهەڵدا، لەکۆتایی مانگی نیسانی ساڵی 1982 ئامادەباشی کرا بۆ خۆپیشاندان دژی حکومەتی بەعسی لە 2ی مایسی 1982 خۆپیشاندان دەستی پێکرد تا 5.4 هەمان مانگ خۆپیشاندانەکان بەردەوام بوون، بەڵام ڕژێمی بەعس زۆر بەتوندی وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە، ژمارەیەک لە قوتابیان شەهید بوون و ژمارەیەک بریندار و بەشێکی زۆریان دەستگیرکران، دوای سەرکوتکردنی خۆپیساندانەکان، سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین زیاتر لە 186 قوتابی و 27 مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانکۆی بەغداد و بەسرەو موسڵ گواستەوە.

دوای سەرکوتکردنی قوتابیانی زانکۆ، لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەییەکانی شاری هەولێر قوتابیان خۆپیشاندانیان هاوشێوەی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین دەستپێکرد، بەتایبەتی ئامادەیەکانی (کوردستان، ڕزگاری، زۆزانی کوڕان، هەولێر)، هەروەها کۆمەڵێک قوتابی کچ لە ئامادەیی هەولێری کچان (گەلاوێژی جاران) ڕۆڵی گرنگیان بینی لە فراوانکردن و بەگڕوتینکردنی خۆپیشاندان، تەنانەت لە قوتابخانەی کوردستان لە ساڵی خوێندنی 1982–1983 قوتابیان هەوڵی خۆپیشاندان دەدەن بەمەبەستی ڕووخانی ڕژێم و نووسین لەسەر دیوارەکانی حەوشی

---

[1] حەمە کەریم هەورامی، من و گوندەکەم، بەرگ سێیەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر 2018، ل ل 250، 285–289.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

دواوەی قوتابخانەکە دەنووسن، بەڵام بەڕێوبەری قوتابخانە فەرمانگەی ئەمن (کە نزیک بو لە قوتابخانەکە) بەم کارو هەولانەی قوتابیان ئاگادار دەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن ئەم فەرمانگەیەوە نووسراوی سەر دیوارەکان دەسڕێتەوەو قوتابیەکیش بەناوی (هەژار) دەستگیر دەکەن، دوای دوو کاتژمێر قوتابیان لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەیان داوای بەردانی (هەژار) دەکەن، لەترسی خۆپیشاندانی قوتابیان (هەژار) بەردەدەن و دەیگەڕێنەوە بۆ قوتابخانە[1].

دیارە ئەو خۆپیشاندانانە لەلایەن چەند قوتابیەکەوە ڕێنوێنی دەکران وەکو (شەماڵ عادل سەلیم، ئیبراهیم عەبدولوەهاب ناسراو بە (کرێکار)، سالار مامە کەریم، ئەحمەد ئیبراهیم سەلیم، حەمید مەجید، کاروان محەمەد سنۆ، خالید خورشید، شوان حەسن، مەهدی مزوری، قادر عەبدوڵلا رابی، ئیسماعیل عەبدولوەهاب ئەمین، زیرەک کەمال، کاوە محەمەد، عومەر ئەسعەد ...)، خۆپیشاندەران لەلایەن سەرپەرشتیارانی خۆپیشاندانەکانەوە ڕێنوێیی دەکران.

یەک لەو خۆپیشاندانانە لەساڵی 1982 شەقامی باتای شاری هەولێر دەستی پێکرد بەرەو چێشتخانەی تاجریان، بەدەم گوتنەوەی دروشم لەلایەن قوتابیانی خۆپیشاندەرەوە، پیاوانی رژێم هێرش دەکەنە سەر خۆپیشاندەران، تەقەیان لێدەکەن و لەئەنجامدا قوتابیەک بەناوی (سەلاح جەوهەر) شەهید دەبێت، دوای ئەم ڕووداوەش خۆپیشاندانەکان هەر بەردەوام بووە، بەڵام بەزەبری هێز سەرکوتکراوە[2].

هەمیشە شڵەژانی دۆخی سیاسی کاریگەری لەسەر رەوشی خوێندن هەبووە، بۆ نموونە راگواستن و خاپوورکردنی شارو گوندەکانی سەر سنوور لە ساڵانی هەشتاکان و خاپوورکردنی ئەو هەموو دێهات و شارو گوندە لەلایەن رژێمی بەعس و راگواستنی خەڵکەکەی بۆ نێو شارو دەوروبەری شارەکان کاریگەری هەبوو لەسەر پرۆسەی خوێندن لە پارێزگای هەولێر، بەم هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان دووچاری نەهامەتی بوونەوەو لە خویندن دابڕان و بواریان نەدرا درێژە بەخوێندن بدەن، چونکە ئەمانە لە شوێنی خۆیان راگوێزران و بردرانە ئۆردوگا زۆرەملێکان، کە ئەم ئۆردوگایانە سادەترین خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابینکرابوو، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ژمارەی مامۆستایان و قوتابیان لە شارەکە زیادی کردووەو ساڵانە قوتابخانەی نوێ دروستکراوە، لەهەمانکاتیشدا ساڵانە خول بۆ مامۆستایان ئەنجامدراوە، مامۆستایانی شاری هەولێر ساڵانە چالاکانە لەبواری هونەری و فیستفاڵ کردنەوەی پێشەنگادا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە، ساڵانە پێشەنگای قوتابخانەکانیان بەئەنجام گەیاندووە، کە بەسەرپەرشتی چالاکی قوتابخانەکان بەڕێوەچووە، ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی هونەری قوتابخانەکانی ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەیی

---

[1] پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (نەوزاد کەمال صدیق)، ناوبراو قوتابی پۆلی چواری ئامادەیی بوو لە ساڵی خوێندنی 1982–1983، ئێستا لە تورکیایە. لەڕێکەوتی 2020/8/25 ئەم پەیوەندییە تەلەفۆنیە ئەنجام دراوە.

[2] د. ئاراس عبدالرحمان مستەفا، خۆپیشاندان و راپەرینەکانی باشووری کوردستان، بەشی دووەم، سلێمانی، 20017، ل ل 207–214–215–220–265–265 ؛ کاوە محەمەد نووسینەوەی ئاسمان، (سەفەرنامە)، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2015، ل ل152–156.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

چالاک بوون وەک مامۆستا (سەباح سدیق ئەحمەد کۆیی[1]، جەلیل مستەفا[2]، حوسێن عەبدوڵلا[3]، فوئاد ئەحمەد چەخماخچی، محەمەد مەولود قادر، نەجمەدین کەریم، مستەفا جان، یونادم یوسف، مفید کسرە، محەمەد خەتاب....)[4]، چالاکی ساڵانەی قوتابخانەکان لە هۆڵی (چالاکی قوتابخانەکان) بەئەنجام گەیەنراوە.

## باسی دووەم: ژمارەی قوتابی و مامۆستا و قوتابخانەکان لە شاری هەولێر

هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران و دۆخی سیاسی دوای دەستپێکردنی شەڕ، بەشێوەیەکی ئاشکرا کاریگەری هەبووە بەسەر هەموو بوارەکانی ژیان لە عێراق، یەک لەم بوارانەش بواری پەروەردە بووە کە راستەوخۆ کاریگەر بووە بەم دۆخە. شاری هەولێریش وەک شارێکی عیراق بەدەرنەبووە لەم دۆخە، بەڵام زیاتر کاریگەری ئەم شەڕە لەسەر گوندەکانی شاری هەولێر دەرکەوت لەڕووی پرۆسەی خوێندن و ژمارەی قوتابی و قوتابخانەو مامۆستایان، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی راگوێزران، بەتایبەت دوای ئاگربەستی نیوان هەردوو ولات و راوەستانی شەڕی عێراق و ئێران، بەمەش پرۆسەی خوێندن لە گوندەکان پەکی کەوت و دانیشتوانەکەشی لەدەوروبەری شاری هەولێر گیرسانەوە لە ئۆردوگای زۆرەملێ دا و قوتابخانەیان بۆ دابین کرا، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر زیادبوونی ژمارەی قوتابی و مامۆستا لە شاری هەولێر و چۆنیەتی بەرێوەچوونی پرۆسەکە، جێگای ئاماژە پێکردنە گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی لە ساڵی 1981 بۆ شاری هەولێر، ئەمەش دۆخێکی تری بەرەوپێشبردنی خویندن و زیادبوونی مامۆستای لە شارەکە دروستکرد.

بەسەیرکردنی تۆماری ساڵانەی وەزارەتی پەروەردە بۆمان دەردەکەوێت کە سالانە لەگەڵ ئاڵۆزی و گۆرانکاریەکان لەدۆخی سیاسی دا ژمارەی قوتابیان و مامۆستایان و قوتابخانەکان گۆرانکاریان بەسەرداهاتووە بۆنمونە، لە ساڵی خویندنی 1980–1981 ژمارەی باخچەی ساوایان لە پارێزگای هەولێر (21) باخچە بووە[5]، بۆ ساڵی خوێندنی 1981–1983 بوو بە (31) باخچە، لە ساڵی 1985–1986 بۆ (36) باخچە زیادی کردووە، بەڵام لە

---

[1] سەباح سدیق ئەحمەد کۆیی: لە ساڵی 1943 لە شاری کۆیە هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی لەهەمان شویندا تەواوکردوە، لە ساڵی 1964–1965 بڕوانامەی دبلۆم لە پەیمانگای مامۆستایان لە بەعقوبە بەدەستهیناوە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1965 وەکو مامۆستا دەستبەکاربووە، دواتر لە ساڵی 1972لەسەر داوای خۆی گواستراوەتەوە بۆ هەولێر، ساڵانە بەشداری لە چالاکی هونەری لە پێشانگەی ساڵانەی بەرێوبەرایەتی قوتابخانەکاندا کردووە، دوای 41 ساڵ خزمەت لەبواری پەروەردە ساڵی 2006 خانەنشین بووە، لە ساڵی 2017 لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

[2] جەلیل مستەفا: ناوی تەواوی مامۆستا جەلیل عەبدوڵلایە لە ساڵی 1940 لە گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی ناوەندی لە شاری هەولێر تەواوکردووە، ساڵی 1962–1963 خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە، هەر لەتەمەنی چواردە ساڵییەوە ئاشنای دونیای هونەر بووە، لە شاری هەڵەبجە و قەلادزێ و شاری هەولێر بۆ ماوەی پەنجا ساڵ خزمەتی بەبواری پەروەردەو فێرکردن کردووە، ساڵانە بەشداری پێشانگەی چالاکی قوتابخانەکان کردووەو چەندان جار لەسەر یەک خەلاتی یەکەمی هونەری بۆ قوتابخانەکانی بەدەستهێناوە، لە چالاکی هونەری و پێشانگای ساڵانەی عێراق بەشداری کردووە و دوازدە جار یەکەمی سەر عێراق بوە، لە 2006/1/16 لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

[3] حوسێن عەبدوڵلا: ساڵی 1940 لە شاری هەولێر لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو شارە تەواوکردووە، دەرچوی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدادە، بەشی شێوەکاریە لە ساڵی 1962–1964، لە ساڵی 1964 وەک مامۆستا دەست بەکاربووە، لە ساڵی 1971 بووە بەسەرۆکی بەشی شێوەکاری و سەرپەرشتیاری هونەری شێوەکاری لە بەرێوبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان، لە ساڵی 1992دا لەگەڵ چالاکی قوتابخانەکان تا خانەنشین بوونی لە ساڵی 2006 ژمارەیەکی زۆر پێشانگەی بە هاوبەشی هونەرمەندان کردووەتەوە، خاوەن پێشانگای تایبەت بەخۆی بووە، لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە. سەردەمی من، حسێن عەبدولله، هەولێر، 2013، ل99.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا (جەوهەر عومەر)، هەولیڕ 2020/6/28.

[5] لە تۆماری ساڵانەی وەزارەتی پەروەردەدا، ژمارەی باخچەکان و قوتابی و مامۆستایانی لەسەر ئاستی پارێزگا ئاماژەی پێکراوە نەوەک ناوەند و قەزاکان، بەو هۆیەی کە ژمارەی باخچەکان لەناوەندی شارەکان زیاتر بووە وەک لە قەزاکان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

ساڵی 1987–1988 ئەم ژمارەیە کەم بۆتەوە بۆ (34) باخچە، لە ساڵی 1989–1990 بەهەمان شێوەیە (34) باخچە بووە[1]، واتە لەماوەی سالانی توێژینەوەکەدا زۆرترین ژمارەی باخچەی ساوایان لە ساڵی خوێندنی 1985–1986دا بووە کە (36) باخچە بووە.

سەبارەت بە ژمارەی قوتابیان لە باخچەی ساوایان لە ساڵی 1980–1981 (2480) قوتابی بوون کە (1307) کوڕو (1173) کچ بوون، بۆ ساڵی 1981–1982 ئەم ژمارەیە بەرزبۆتەوە بۆ (1545) قوتابی، کە (1391) کوڕو (2936) کچ بوون، بۆ ساڵی خوێندنی 1982–1983 ئەم ژمارەیە نزم بۆتەوە بۆ (2398) قوتابی، بەڵام بۆ ساڵی خوێندنی 1984–1985 بۆ جارێکی تر ژمارەی قوتابیانی بەرزبۆتەوە بۆ (2632) قوتابی کە (1430) قوتابی کوڕ و (1202) قوتابی کچ بوون، دواتر لە ساڵی 1987–1988 بۆ جارێکی تر ژمارەی قوتابیانی باخچەی ساوایان کەمی کردووە بۆ (1998) قوتابی کە (1080) کوڕو (918) کچ بوون، لە ساڵی 1989–1990 ژمارەی قوتابیان (2434) قوتابی بوون[2].

هەلبەتە کەم بوون و زیادبونی ژمارەی قوتابیان لەم ساڵانەدا گەڕاوەتەوە بۆ ناسەقامگیری دۆخی سیاسی ناوچەکە بەشێوەیەک بەرزترین ژمارە لە ساڵی (1981–1982) دابووە کە دەتوانین بڵێین لەو ساڵەدا کە سەرەتاکانی دەستپێکردنی شەڕی عێراق و ئێران بوە، ئەم جەنگە کە لە سەرەتادابوو، کاریگەریەکی یەکجار زۆری لەسەر ئەم کەرتە نەبووە بەڵام دواتر بەپێی تێپەربوونی کات کاریگەری تەواو بەدیارکەوتووە بەشێوەیەک لە کۆتا ساڵی شەرەکەدا کەمترین ژمارەی قوتابیانی باخچەی ساوایان تۆمارکراوە کە (1998) قوتابی بوون.

ژمارەی مامۆستایانیش ساڵ لەدوای ساڵ گۆرانکاری بەسەرداهاتووە لە ساڵی 1980–1981 ژمارەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان لە پارێزگای هەولێر (128) مامۆستا بووە، بۆ ساڵی 1981–1982 (150) مامۆستاو ساڵی 1982–1983 (186) مامۆستا، لە ساڵی 1984–1985 ئەم ژمارەیە بەرزدەبێتەوە بۆ (204) مامۆستا و لە ساڵی خوێندنی 1987–1988 ژمارەی مامۆستایان بەهۆی ناهەمواری دۆخی سیاسیەوە کەم دەبیتەوە بۆ (195) مامۆستا، بۆ ساڵی دواتر واتە 1989–1990 دەبێتە (227) مامۆستا[3].

[1]وزارة التربية، المديرية العامة للتخطيط التربوي، قسم الأحصاء، التقرير السنوي، الأحصاء التربوي 1980–1981، شركة المطابع النموذجيه – عمان، ب.س، ص21 ؛ الجمهورية العراقية، وزاره التربية، المديرية العامة، للتخطيط التربوي، قسم الأحصاء، التقرير السنوي، الأحصاء التربوي 1981–1982، ب.م، ب.س، ص21؛ الجمهورية العراقية، وزارة التربية، المديرية العامة للتخطيط التربوي، قسم الأحصاء، التقرير السنوي، الأحصاء التربوي 1982–1983، ب.م، ب.س، ص21 ؛ الجمهورية العراقية، وزارة التربية، المديرية العامة للتخطيط التربوي، الخارطة المدرسية (التقرير التربوي)، الواقع الحالى الاحتياجاتالمستقبلية 1985–1990، بغداد، 1986، ص12 ؛ المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، مديرية التخطيط التربوي احصائية مدارس محافظة اربيل لجميع المراحل الدراسية لعام 1987–1988، الأحصاء التربوي، ب.م، ب.س، ص1 ؛ المديرية العامة لتربية اربيل، مديرية التخطيط التربوي الأحصاء، المؤشرات الاحصائية عن مدارس محافظة اربيل 1989–1990، الأحصاء التربوي، ب.م، ب.س، ص1.

[2]التقرير السنوي، الأحصاء التربوي 1980–1981، ص21 ؛ التقرير السنوي، الأحصاء التربوي 1981–1982، ص21 ؛ التقرير السنوي، الأحصاء التربوي 1982–1983، ص21 ؛ وزارة التربية، المديرية العامة للتخطيط التربوي، مديرية الأحصاء، رياض الأطفال في العراق للعام الدراسي 1984–1985، ب.م، 1985، ص3 ؛ التقرير التربوي، الواقع الحالى الاحتياجات المستقبلية 1985–1990، ص12 ؛ احصائية مدارس محافظة اربيل لجميع المراحل الدراسية لعام 1987–1988، ص2 ؛ المؤشرات الاحصائية عن مدارس محافظة، اربيل 1989–1990، ص2.

[3]قسم الأحصاء، التقرير السنوي، الأحصاء التربوي 1980–1981، ص21 ؛ التقرير السنوي، الأحصاء التربوي 1981–1982، ص21 ؛التقرير السنوي، الأحصاء التربوي 1982–1983، ص21، رياض الأطفال فى العراق للعام الدراسي 1984–1985، ص3 ؛ الواقع الحالى الاحتياجات المستقبلية 1985–1990، ص12 ؛ احصائية مدارس محافصة اربيل لجميع المراحل الدراسة لعام 1987–1988، ص2 ؛ المؤشرات الاحصائية عن مدارس محافصة اربيل 1989–1990، ص2.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

جێگای ئاماژە پێکردنە لە ساڵی خوێندنی 1981–1982 لە (25) باخچەی ساوایان (12)یان لەناو خودی سەنتەری شاری هەولێر بوون کە ئەوانیش (الرسمية، شۆرش، زنابق، قرنفل، الازهار، التأميم، چيمن، ياسمين، رووناكی، رياحين، قادسية) بوون[1].

لە ساڵی خوێندنی 1985–1986 لەناو سەنتەری شاری هەولێر، ژمارەی باخچەی ساوایان (17) باخچە بوون کە ئەمانەش بریتی بوون لە (الربيع، شۆرش، زنابق، قرنفل، الازهار، التأميم، چيمن، خديجة الكبرى، روناكی، رياحين، القادسية، كوران، ازادی، ياسمين، لاولاو، نسرين)[2].

تێبینی دەکرێت لە ساڵی خوێندنی 1981–1982 باخچەی ساوایانی (الرسميه) هەیە بەڵام لە ساڵی 1985–1986 ئەم باخچەیە نەماوە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بریارێکی بەرێوبەرایەتی پەروەردەی هەولێر لە ساڵی 1985 دەرچووە و بریاردراوە بەگۆڕینی ناوی باخچەی (الرسميه) بۆ باخچەی ساوایانی (الربيع)[3].

لەژێر رۆشنایی دۆکۆمێنتەکان لەماوەی ساڵانی توێژینەوەکەدا ژمارەیەک باخچە دامەزران لەوانە وەک (باخچەی ساوایانی یاسەمین 1980[4] ، قادسيه 1980 ، الراحين 1981[5] ، لاولاو 1983 ، ميسم 1983[6]، ....)

هەرچی سەبارەت بەخوێندنی سەرەتایی یە، ژمارەی قوتابخانەکان ساڵانە لەگۆراندابووە، بۆنموونە لە ساڵی 1980–1981 لەپارێزگای هەولێر (904)قوتابخانە هەبووە[7]، لەناو سەنتەری شاری هەولێریشدا (310) قوتابخانە بووە کە (60) کوران، (41) کچان، (209) تیکەڵاو بووە، بۆ ساڵی خویندنی 1981–1982 ئەم ژمارەیە بەرزبۆتەوە بۆ (907) قوتابخانە لەسەنتەری شارەکەش (322) قوتابخانەکە (61) کوڕان، (36) کچان، (225)ی تێکەڵاو بووە، لە ساڵی خویندنی 1982–1983 ژمارەی قوتابخانەکان لە پارێزگاکەدا کەمی کردوە بۆ (871) قوتابخانە، لەسەنتەری شاریش بەهەمان شێوە بەبەراورد بە ساڵی خویندنی پیشووتر کەمی کردووە بۆ (316) کە (61) کوڕان، (37) کچان و (218)ی تێکەڵاو بوە[8].

لە ساڵی1984–1985 ژمارەی قوتابخانەکانی سەرەتایی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە بە شیوەیەک بۆتە (498) قوتابخانە، بەهۆی دۆخی شەڕو راگواستنی بەردەوامی گوندەکانی سەر سنورو، زیاتر گرنگی دان بە لایەنی سەربازی و پاشەکشە لە گرنگی پێدان بەبواری پەروەردە ژمارەی قوتابخانەکانی سەرەتایی لە ساڵی خویندنی

---

[1]المديرية العامة لتربية اربيل، الأحصاء التربوي، دليل التعليم لكافة المراحل الدراسية و حسب الوحدات الأدارية 1981–1982، ب.م، ب.س، ص3–4.

[2]المديرية العامة لتربية اربيل، التخطيط التربوي الأحصاء، رياض الأطفال والمدارس المهنية ودور المعلمين والمعلمات ومعهد اعداد المعلمين للعام الدراسي 1985–1986، ب.م، ب.س، ص1.

[3]المديرية العامة لتربية فى محافظة اربيل، البحوث والدراسات، العدد (23529) اسم روضة، التريخ 1985/9/5.

[4]المديرية العامة للتربية فى محافظة اربيل، الشعبة الفنية للتعليم الابتدائى، م/ فتح مدارس، العدد (25668)، التاريخ 1980/11/12.

[5]المديرية العامة للتربية فى محافظة اربيل، البحوث والدراسات، م/ فتح مدارس، العدد (29095)، التاريخ 1981/9/20.

[6]المديرية العامة للتربية اربيل، البحوث والدراسات، العدد (25214)، م/ فتح ودمج وشطر مدارس ، التاريخ 1983/8/21 ؛ بۆزانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1).

[7]لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر باس کراوە، بەهۆی نەبوونی ئامار و تۆماری ساڵانەی وردی تایبەت بە ناوشاری هەولێر.

[8]الأحصاء التربوي، التقرير السنوي 1980–1981، ص42–46 ؛ الأحصاء التربوي، التقرير السنوي 1981–1982، ص42–47 ؛ الأحصاء التربوي، التقرير السنوي 1982 – 1983، ص41، 103.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

1987–1988 دەبیتە (397) قوتابخانە، دوای ڕاوەستانی شەڕ، دۆخەکە تارادەیەک دەبوژێتەوە لە ساڵی خوێندنی 1990–1991 ژمارەی قوتابخانەکان بەرز دەبیتەوە بۆ (487)قوتابخانە[1].

ژمارەی قوتابیانیش بەهەمان شێوەی ژمارەی قوتابخانەکان کاریگەری دۆخی سیاسی بەئاشکرا لەسەر دیارە بۆ نمونە لە ساڵی خوێندنی 1980–1981 ژمارەی قوتابیان (102836) قوتابی بووە، لە ساڵی 1982–1983 ژمارەی قوتابیان کەم بۆتەوە بۆ (102119)، و لە ساڵی 1985–1986 ژمارەکە بۆ (99188) قوتابی، لەم ساڵەدا ژمارەی قوتابی زۆر کەم دەبێتەوە بەهۆی ڕاگواستنی زۆرەملێ، کە لەم هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان دەستیان لە خویندن هەڵگرت. لە ساڵی 1987–1988 ژمارەی قوتابیان تارادەیەک زیادی کردووهو بەرزبۆتەوە بۆ (106268) قوتابی دوای نەمانی شەڕ لە ساڵی 1990–1991 ژمارەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا زیادی کردووە بۆ (155557) قوتابی[2].

جێگای ئاماژە پێ دانە ژمارەی مامۆستایان لەماوەی ساڵانی توێژینەوەکەدا ساڵ لەدوای ساڵ زیادی کردووە بەڵام بەلێکرانەوەی ژمارەی قوتابیان و بەراوردکردنی بە ژمارەی مامۆستیان و بەرکەوتی هەر مامۆستایەک بۆ قوتابیان ژمارەی مامۆستایان لە هەولێردا ئەم بووە لە هەمانکاتدا تێبینی دەکرێت ساڵانە ژمارەی مامۆستای (پیاو) کەمی کردووەو لەبەرامبەردا ژمارەی مامۆستای (ئافرەت) بەرزبۆتەوە، بۆنمونە لە ساڵی خوێندنی 1980–1981 ژمارەی مامۆستایان (4070) بووە کە (2514) پیاو (2156) ئافرەت بوون، بەڵام بۆ ساڵی خوێندنی (1982–1983) ژمارەی مامۆستایان بووە بە (5263) کە (2427) مامۆستای پیاو، و (2835) مامۆستاییی ئافرەت بوون، لە ساڵی خویندنی 1985–1986 ژمارەی مامۆستایان (5806) مامۆست بووە، کە (2350) پیاو (3456) ئافرەت بوون، بۆ ساڵی خویندنی 1987–1988 ژمارەی مامۆستایان بەرزبۆتەوە بۆ (6241) مامۆستا (2157) پیاو (4084) ئافرەت، تێبینی دەکرێت ڕێژەی مامۆستایانی نزیکەی دوو هێندەی ڕێژەی مامۆستایانی پیاوە، لە ساڵی 1990–1991 ژمارەکە بەرزدەبیتەوە بۆ (7217) مامۆستاو (2213) مامۆستای پیاو (5004) مامۆستلی ئافرەت[3]. ئەمەش بەهۆی بارودۆخی جەنگ لە وڵاتدا تارادەیەک ئاساییە، بەهۆی سەرقاڵی پیاوان بە بەرەکانی جەنگ

لەهەمان کاتدا زیادبوونی ژمارەی مامۆستایانی ئافرەت بەڵگەیە لەسەر بەرەوپێشچوونی پرۆسەی خویندنی کچان لە شاری هەولێر و دەوروبەری، لاوازبوونی بیروبۆچوونە کۆنەکان و دژایەتی کردنی خویندنی کچان.

لەژێر ڕۆشنایی دۆکۆمێنتەکانژمارەیەک قوتابخانەی سەرەتایی لەسەنتەری شاری هەولێر لەنێوان ساڵانی 1980–1991 دامەزرێندراون وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا هاتووە.

---

[1] الأمانة العامة، للادارة التربية والتعليم العالى، احسائية 1985–1986، ص1/2 ؛ د. سەلاحەدین حەفید، ئابوری کوردستان 1977–1990، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2000، ل183 ؛ احصائية مدارس محافظة اربيل لجميع مراحل الدراسة لعام (1987–1988)، ص22 ؛ ئاماری پەروەردەی ناوەندی هەولێر، ئاماری قوتابخانەکانی ساڵی 1990–1991.

[2] الأحصاء التربوي، التقرير السنوي 1980–1981، ص42 ؛ الأحصاء التربوي، التقرير السنوي1982–1983، ص41 ؛ الأمانة العامة، للادارة التربية والتعليم العالى، احصائية 1985–1986، ص1/2 ؛ احصائية مدارس محافظة اربيل لجميع مراحل الدراسية لعام (1987–1988)، ص22 ؛ ئاماری پەروەردەی ناوەندی هەولێرو ئاماری قوتابیان، 1990–1991.

[3] الأحصاء التربوي، التقرير السنوي 1980–1981، ص42 ؛ الأحصاء التربوي، التقرير السنوي 1982–1983، ص41 ؛ الامانة العامة، للادارة التربوية والتعليم الحالى، احصائية 1985–1986، ص1/2 ؛ احصائية مدارس محافظة اربيل لجميع مراحل الدراسية لعام (1987–1988)، ص22 ؛ ئاماری پەروەردەی ناوەندی هەولێر، ئاماری مامۆستایان ساڵی 1990–1991.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

خشتەی ژمارە (1)

بەشێک لەو قوتابخانە سەرەتاییانەی کە لەنێوان ساڵانی 1980-1991 لە سەنتەری شاری هەولێر کراونەتەوە

| قوتابخانە | بەڕیوبەر | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|
| تریفەی کچان | - | 1980 |
| سرسنگی کوڕان | - | 1980 |
| دیاری کوڕان | - | 1980 |
| کنیری کچان | - | 1980 |
| کنیری کوڕان | - | 1980 |
| نازنازی کچان | - | 1980 |
| (30) تەموزی تێکەڵاو (خوێندنی عەرەبی) | - | 1980 |
| تریسکەی تێکەڵاو | - | 1980 |
| صمودی کوڕان | رشید یاسین محمود[1] | 1980[2] |
| شیماء ی تێکەڵاو | قدریه احمد زینۆ[3] | 1981 |
| نیگاری تێکەڵاو | صباح مصطفی قادر[4] | 1981 |
| تدمری تێکەڵاو | - | 1981 |
| نبراسی تێکەڵاو | - | 1981 |
| سروەی تێکەڵاو | واجدة خورشید عمر[5] | 1981 |
| ئەندەلس (الأندلس)ی تێکەڵاو | - | 1981 |
| قلعەی تێکەڵاو | - | 1981[6] |
| سەفینی کچان | - | 1981[7] |
| هەڵکەوتی تێکەڵاو | - | 1983 |
| قوتابخانەی خوێندنی ئیسلامی(النور الاسلامیة) | - | 1983 |
| ژینی کچان | - | 1983 |
| نالی تیکەڵاو | محمد کریم سعید[8] | 1983 |
| ئیسکان (الاسکان) | - | 1983[9] |

[1] الی المدیریة العامة لتربیة محافصة اربیل الامتحانات، م/ درجات، 1982/10/24.

[2] المدیریة العامة للتربیة فی محافظة اربیل، الشعبة الفنیة للتعلیم الابتدائی، العدد (35668)، م/ فتح مدارس، التاریخ 1980/11/12؛ بۆ زانیاری زیاتر بروانە پاشکۆی ژمارە (2)

[3] الی مدیریة العامة لتربیة محافظة اربیل، م/ درجات امتحان النهائی الدور الثانی لصف السادس، العدد (143)، 1982/10/26.

[4] ادارة مدرسة نیگار المختلطه، م/ نتائج امتحانات الدور الثانی، العدد (102)، 1982/11/15.

[5] مدرسة سروه المختلطة، م/الامتحانات، العدد (320)، التاریخ 1983/5/20.

[6] المدیریة العامة للتربیة فی محافظة اربیل (البحوث و الدراسات)، م (فتح مدارس)، العدد (29095) ، التاریخ 1981/9/20. بۆزانیاری زیاتر بروانە پاشکۆی ژمارە (3)

[7] المدیریة العامة لتربیة محافظة اربیل، البحوث والدراسات الابتدائی، م/ شطر مدرسة، العدد (9116)، 1981/3/25.

[8] مدرسة نالی الابتدائیة المختلطة، درجات الامتحانات النهائیة لسنة الدراسیة 1983-1984.

[9] المدیریة العامة لتربیة اربیل، البحوث والدراسات، العدد (25214)، م/ فتح ودمج وشطر مدارس، 1983/8/21.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

| قوتابخانە | بەڕێوبەر | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|
| توانای تێکەڵاو | – | 1987 |
| سەیرانی تێکەڵاو | جبار محمود رحيم[1] | 1987 |
| ڕێژنەی تێکەڵاو | – | [2]1987 |

جێگای ئاماژە پێکردنە ژمارەیەک قوتابخانە دامەزراون، ژمارەیەکیشیان تێکەڵکراون لەژێر ناونیشانی یەک لە قوتابخانەکان ناوی لێنراوە، وەک تیکەڵکردنی قوتابخنەی (مستوفی و مەولەوی) لەهەمان بالەخانەی خۆیان لەژێر ناوی (مەولەوی کوڕان)، تێکەڵاوکردنی قوتابخانەی (مزەفەریە) لەگەڵ قوتابخانەی (مەریوان) لەژێر ناوی قوتابخانەی (مەریوان)ی کوڕان[3]، تێکەڵاوکردنی قوتابخانەی (بنار) و (زینب) لەژێر ناوی قوتابخانەی (بنار)[4].

لەهەمان کاتیشدا ژمارەیەک قوتابخانە کراون بەدوو قوتابخانەی سەربەخۆ بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابیەکانیان وەک قوتابخانەی جمهوری کراوە بەدوو قوتابخانەی جیا لەیەک لەژێر ناوی (جمهوری) کوڕان و (نالی) تیکەڵاو، قوتابخانەی یەکگرتن بۆ دوو قوتابخانە لەژێر ناوی (یەکگرتن) و (ئیسکان)[5] قوتابخانەی (گەلاوێژ) بۆ دوو قوتابخانە بەناوی (گەلاوێژی کچان) و (سەفین)ی کچان[6].

زۆرجاریش گۆرانکاری لەناو قوتابخانەکاندا کراوە بۆ نموونە قوتابخانەی (شارستان)ی سەرەتایی ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (سەنگەر)ی سەرەتایی تیکەڵاو، (فریشتە)ی تێکەڵاو بۆ (گلکەندی) سەرەتایی تێکەڵاو[7]، ژمارەیەکی زۆری تری قوتابخانە بەم چەشنە ناوەکانیان گۆڕاوە.

سەبارەت بە ژمارەی قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندیەکان و ئامادەییەکانی پارێزگای هەولێر[8] ساڵ لەدوای ساڵ لە گۆراندابووە بۆنموونە لە ساڵی 1980–1981 (84) قوتابخانە بووە، ئەم ژمارەیە لە ساڵی 1985–1986 بەرزبۆتەوە بۆ (105) قوتابخانەو لە ساڵی 1990–1991 بووە بە (133)[9] قوتابخانە، لەناو شاری هەولێریشدا لە ساڵی 1980–1981 (51) قوتابخانە بووە کە (18) دواناوەندی و (3) ئامادەیی و (30) ناوەندی بووە لەناو شار تەنها (3) قوتابخانە تیکەڵاو هەبووە (13)ی کچان و (35) کوڕان بووە، کەواتە ژمارەی قوتابخانە تێکەڵاوەکان کەمترە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی و پارێزگاری ئەوکاتی خەلکی شارەکە[10].

---

[1]بيان، م/ فتح مدارس، العدد (15776)، 1987/8/21. بۆزانیاری زیاتر بروانە پاشکۆی ژمارە (4)

[2]المديرية العامة اتربية محافظة اربيل، م/ درجات الامتحانات النهائي، 1988/7/9.

[3]المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، البحوث والدراسات، م/ فتح ودمج وشطر مدارس، العدد (20214)، التاريخ 1983/8/21.

[4]المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، البحوث والدراسات، م/ دمج مدرستين، العدد (14302)، 1987/7/23.

[5]المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، البحوث والدراسات، م/ فتح ودمج وشطر مدارس، العدد (25214)، التاريخ 1983/8/21.

[6]المديرية العامة لتربية نحافظة اربيل، البحوث والدارسات الابتدائية، م/ شطر مدارسة، العدد، (9116)، التاريخ 1981/3/25.

[7]المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، البحوث والدراسات، م/ تنزيل درجة وتغير اسم، العدد (22292)،التاريخ 1989/9/6.

[8]لەهەندێ کاتدا لەسەر ئاستی پارێزگا ئاماژە بەئامارەکان کراوە بەهۆی نەبوونی ئاماری تایبەت بەشاری هەولێر.

[9]الأحصاء التربوي، التقرير السنوي، 1980–1981، ص95 ؛ الامانة العامة للادارة التربية والتعليم العالى، احصائية 1985–1986، 1/3 ؛ د. سەلاحەدین حەفید، سەرچاوەی پێشوو، ل183.

[10]التقرير السنوي، الأحصاء التربوي 1980–1981، ص104.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

لە ساڵی خوێندنی 1981–1982جۆری قوتابخانەکان بەبەراوردکردن بە ساڵی پێشوتر تارادەیەک گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە ژمارەی قوتابخانەکان بۆتە (54) قوتابخانە (22) دواناوەندی و (3) ئامادەیی و (29) ناوەندی، لەڕووی ڕەگەزی قوتابخانەکانیش (5) تێکەڵاو (14) کچان و (35) کوڕان بووە[1]. لەم ساڵەدا واتە لە ساڵی خوێندنی 1981–1982 دەتوانرێت ئاماژە بەناوی ژمارەیەک لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەییەکان بکرێت، ئامادەیەکان (اربیل ی کوڕان، کوردستان، ئازادی)، دواناوەندییەکان (الاخوە، رزگاری، النضال، اربیل ی کچان ، خنساء ی کچان، زەهرای کچان، صلاح الدینی کچان، الرسالة العربیەی کوڕان، هەڵمەتی کوڕان، شۆڕشی کچان، گەلاوێژی کچان، ئازادی کچان، زۆزانی کوڕان، کورانی کوڕان، مظفریەی کوڕان)، ناوەندییەکان (برایی، جمهوری، سەیداوە، قەندیل، زانیاری، جۆلان، صلاح الدین، شیلانی کچان، گارەی کچان، چیمن، قتیبیەی کوڕان، روناکی کچان، 7 نیسان، قلعەی کچان، 14 تەموز، زینب ی کچان، ابن خلکان ...)[2].

لە ساڵی خوێندنی 1982–1983 لناو شاری هەولێر (50) قوتابخانە هەبووە کە بەم شێوەیە بوون (22) دواناوەندی، (3) ئامادەیی، (25) ناوەندی، لەڕووی ڕەگەزیشەوە (5)ی تێکەڵاو، (15) کچان و (30) کوڕان بوون[3].

لە ساڵی 1985–1986 لە شاری هەولێر (51) قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی ئامادەیی هەبووە کە (29) قوتابخانەی ناوەندی و (4)ی ئامادەیی و (18)ی دواناوەندی بووە[4].

بەپێی دۆکۆمێنتەکانی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی هەولێر لەماوەی نیوان ساڵانی 1980–1991) ژمارەیەک قوتابخانە دامەزران لەوانە وەک:

خشتەی ژمارە (2)

بەشێک لەو قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەییانەی لەنێوان ساڵانی 1981–1990 لەسەنتەری شاری هەولێر دامەزراون

| قوتابخانە | بەڕێوبەر | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|
| ناوەندی زینب ی کچان | سعاد حسن حسنی[5] | 1980 |
| ناوەندی چناری کچان | بدریە طاهر بکر[6] | 1980 |
| ناوەندی کفاح ی کوڕان | فاتح محمد شێخۆ[7] | 1980[8] |

[1]التقریر السنوي، الأحصاء التربوي، 1981–1982، ص105
[2]دلیل التعلیم لکافە المراحل الدراسة وحسب الوحدات الاداریة، ص ص 80–82.
[3]التقریر السنوي، الأحصاء التربوي، 1982–1983، ص103.
[4]الخارطة المدارسة 1985–1990، ص81.
[5]ادارة متوسطة زینب للبنات، العدد (9)، م/ درجات الامتحانات النهائیة، 1981/7/21.
[6]ادارة متوسطة چنار للبنات، درجات الامتحان النهائی للصفوف غیرمنتهیە، العدد (227)، 1984/7/15.
[7]درجات الامتحان لسنة الدراسیة 1981–1982 (الدور الثاني).
[8]المدیریة العامة لتربیة فی محافظة اربیل (ذاتیة الثانویة)، م/ رفع درجة وفتح متوسطات للبینین والبنات فی مرکز المحافظة، العدد ((32385)، 1980/10/14. بۆزانیاری زیاتر بروانە پاشکۆی ژمارە (5)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

| قوتابخانه | بەڕێوەبەر | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|
| ناوەندی عەدالەی کچان | - | 1980[1] |
| ناوەندی ابن خلكانی کوڕان | صدیق محمود حمد[2] | 1981[3] |
| ناوەندی کاروانی کوڕان | رمضان شریف[4] | 1983[5] |
| ناوەندی بەهاری کچان | عدویه خضر عبدالله[6] | 1983 |
| دواناوەندی ابن مستەوفی | شیرۆ کریم محمد[7] | 1983[8] |
| ناوەندی وحدەی کوڕان (یەکگرتن) | ادیب یحیی مصطفی[9] | 1985[10] |
| ناوەندی هەلالەی کچان | لطیفه توفیق سلیمان[11] | 1986[12] |
| ناوەندی فریشتەی کچان | شهزنان عبد محمد[13] | 1987[14] |
| ناوەهندی فداءی کچان( خوێندنی عەرەبی) | - | 1989 |
| ناوەندی صمودی کچان(خوێندنی عەرەبی + کوردی) | - | 1989 |
| ناوەندی شارستانی کچان | جوان حسن حسنی[15] | 1989 |
| ناوەندی شەهید عدنان خیرالله ی کچان (خوێندنی عەرەبی) | - | 1989 |
| ناوەندیزیرەک (خوێندنی عەرەبی + کوردی) | - | 1989[16] |

جێگای ئاماژە پێکردنە لە ساڵی 1989 ناوەندی (الازدهار)ی ئێواران لەگەڵ دواناوەندی (هەولێر)ی ئێواران تێکەڵ دەکرێت لەژێر ناوی (دواناوەندی هەولێری ئێوارانی کوڕان)[17].

[1] لەساڵی 1994 ناوی گۆراوە بۆ ناوەندی (ژین)، لە ساڵی 1995 پلەکەی بەرزبۆتەوە بۆ دواناوەندی(ژین)ی کچان. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە، لێکۆڵینەوەو پشکنین، ب/ گۆرینی ناوی قوتابخانە، ژمارە (3185)، 1994/3/16 ؛ المديرية العامة لتربية المحافظة اربيل، البحوث والدراسات، العدد (1624)، 1995/3/26.

[2] ادارة متوسطة ابن خلكان، الى/ المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، م/ نتائج الدور الثانى، العدد (88)، 1982/10/28.

[3] المديرية العامة لتربية اربيل، ذاتيه الثانوى، بيان، العدد (31243)، التاريخ 1981/10/4.

[4] متوسطة كاروان للبنين، درجات الامتحانات النهائية، للسنة الدراسية 1983-1984.

[5] لە ساڵی 1992 پلەی بەرزکراوەتەوە بۆ (دواناوەندی کاروان). المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، البحوث والدراسات، م/ رفع درجة مدارس وفتح مدارس، العدد (7158)، 1992/9/7.

[6] درجات الامتحانات النهائية للمدارس الثانوية للسنة الدراسية 1984-1985.

[7] درجات الامتحاناتالنهائية للسنة الدراسية 1983-1984.

[8] المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، البحوث والدراسات، م/ فتح مدرسة ، العدد (42512)، 1983/11/27. بۆزانیاری زیاتر بروانە پاشکۆی ژمارە (6).

[9] ادارة متوسطة وحده للبنين، م/ درجات، العدد (74)، 1986/7/26.

[10] بەپێی تۆماری ساڵانەی قوتابخانەکە لە ساڵی 1990-1991 پلەی بەرزکراوەتەوە بۆ دواناوەندی بەناوی (ثانوية وحده)، لە ساڵی 1991-1992 واتە دوای ڕاپەڕین ناوی گۆردراوە بۆ (دواناوەندی یەکگرتن)، لە ساڵی 1994 ناوی گۆڕدراوە بۆ (دواناوەندی کارۆخ)ی کوڕان. درجات الامتحانات للسنة الدراسية 1990-1991 ؛ درجات الامتحانات للمدارس الثانوية سنة الدراسة 1991-1992، هەرێمی کوردستانی عێراق، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، لێکۆڵینەوەو پشکنین، ب/ گۆرینی ناوی قوتابخانە، ژمارە (3185)، 1994/3/16.

[11] متوسطة هلاله للبنات، الصف الثانى دراسة العربية، درجات الامتحانات النهائية للمدارس الثانوية لسنة 1986-1987.

[12] المديرية العامة اربيل، البحوث الدراسات، م/ فتح مدرسة متوسطة،العدد (19625) ، 1986/9/3.

[13] متوسطة فريشتة للبنات، م/ بورد الدرجات، العدد (209) 1988/7/5.

[14] لەساڵی 1993 پلەی بەرزبۆتەوە بۆ دواناوەندی بەناوی دواناوەندی فریشتەی کچان. المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، البحوث والدراسات، م/ رفع درجة متوسطة الى الثانوية، العدد (9669)، 1993/8/30.

[15] ادارة متوسطة شارستان للبنات، م/ درجات النهائية، الدور الاول، العدد (200)، 1990/6/30.

[16] المديرية العامة لتربية فى محافظه اربيل، مديريه التخطيط التربوي، البحوث والدراسات، م/ فتح وشطر ونقل مدارس، العدد (20788)، 1989/8/20.

[17] المديرية العامة للتربية فى محافظة اربيل، مديرية التخطيط التربوي، البحوث والدراسات، م/ فتح ودمج وشطر ونقل مدارس، العدد (20788)، 1989/8/20.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

لەماوەی ساڵانی توێژینەوەکەداژمارەیەک قوتابخانە پلەکەیان بەرزکراوەتەوە ژمارەیەکیش بەپێچەوانەووە نزم کراوەتەوە لەوانە وەک لە ساڵی (1980) ناوەندی گەلاوێژی کچان پلەکەی بەرزکراوەتەوە بۆ دواناوەندی[1]، دواتریش لە ساڵی 1989 دواناوەندی شۆڕش پلەکەی بەرزدەکرێتەوە بۆ ئامادەیی شۆڕشی کچان، قوتابیانی ئامادەیی لە دواناوەندی هێرۆ بۆ گواستراوەتەوە چونکە هەر بەپێی هەمان نوسراو، دواناوەندی هێرۆ پلەکەی هێنراوەتە خوارەوە لەدواناوەندی بۆ ناوەندی، بۆیە قوتابیەکانی ئامادەیی گواستراوەتەوە بۆ ئامادەیی شۆڕش لەهەمان نوسراودا دواناوەندی سربستی کوڕان پلەی نزمکراوەتەوە بۆ ناوەندی سەربەستی کوڕان و قوتابیەکانی ئامادەیشی گواستراوەتەوە بۆ ئامادەیی ئازادی کوڕان[2]، لەهەمان ساڵیشدا پلەی دواناوەندی عیراق منتصر دابەزێندراوە بۆ ناوەندی عیراق منتصر[3].

تێبینی دەکرێت ناوی بەشێک لەقوتابخانەکانی شاری هەولێر عەرەبیەو لەدوای ساڵی 1989 ئاراستەی کردنەوەی قوتابخانەکان بەزمانی عەرەبی پەرەی سەندوە ئەمەش خۆی دەدۆزێتەوە لە بیروبۆچوونی حکومەتی ئەوکاتی عێراق کە هەموو هەوڵەکانی بۆ نەهێشتنی خوێندن بووە بە زمانی کوردی و پەرەپێدان و کردنەوەی قوتابخانەی خوێندنی عەرەبی بووە.

سەبارەت بە قوتابخانە پیشەیەکان[4] ژمارەیان زیادی کردووە، بۆ نمونە لە ساڵی خوێندنی 1980–1981 تاوەکو ساڵی 1982–1983 ژمارەیان (7) قوتابخانە بووە[5]،لە ساڵی خوێندنی 1985–1986 ژمارەکە بەرزبۆتەوە بۆ (11) قوتابخانە دواتر لە ساڵی خوێندنی 1987–1988 دوو قوتابخانەی تری پیشەیی دەکرێتەوە ژمارەی قوتابخانەیە پیشەیەکان دەبێتە (13) قوتابخانە تا ساڵی 1990–1991هەر بەم شیوەیە دەمێنێتەوە[6]. ژمارەی قوتابیانیش لە ساڵی 1980–1981 (3593) قوتابی بووە، لە ساڵی 1985–1986 لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئامادەییە پیشەییەکان ژمارەی قوتابیانیش زیادی کردووە بۆ (4537) قوتابی لە ساڵی 1990–1991 (4206) قوتابی بوون[7].

ژمارەی مامۆستایانیش لە زیادبوون دابووە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی ئامادەییە پیشەیەکان و زیادبوونی قوتابیان، بەم هۆیەشەوە پێداویستیان بۆ مامۆستا زیادی کردووە لە ساڵی خوێندنی 1980–1981 ژمارەی مامۆستا

---

[1] المديرية العامة لتربية فى محافظة اربيل، ذاتية الثانوى، العدد (32385)، 1980/10/14.

[2] المديرية العامة لتربيه محافظة اربيل، البحوث والدراسات، م/ فتح ودمج وشطر ونقل مدارس، العدد (20788)، 1989/8/20.

[3] المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، البحوث والدراسات، م/ تنزيل درجة وتغير اسم، 1989/9/6.

[4] لەسەر ئاستی پارێزگا ئاماژەی بۆکراوە چونکە لە تۆمارە فەرمیەکان لەسەر ئاستی پارێزگا خراوەتە ڕوو نەک ناوەند و قەزاکان.

[5] التقرير السنوي، الأحصاء التربوي 1980–1981، ص177 ؛ التقرير السنوي، الأحصاء التربوي 1981–1982 ، ص178 ؛ التقرير السنوي، الأحصاء التربوي 1982–1983، ص176.

[6] احصائية لمدارس محافظات منطقة الحكم الذاتى ولجميع المراحل الدراسية 1985 –1986، ص1–4 ؛ احصائية مدارس محافظة اربيل لجميع المراحل الدراسية لعام 1987–1988، ص24 ؛ وزارة التربية، المديرية العامة للتخطيط التربوي، مديرية الأحصاء، التعليم المهنى فى العراق للعام الدراسي 1989–1990، العدد (158)، ب.م، 1990، ص2.

[7] التقرير السنوي، الأحصاء التربوي لسنة 1980–1981، ص177 ؛ احصائية لمدارس محافظات منطقة الحكم الذاتى ولجميع المراحل الدراسية1985–1986، ص1/4؛ د. سەلاحەدین حەفید، سەرچاوەی پێشوو، ل183


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

(308) بووە، لەساڵی خوێندنی 1985–1986 زیادی کردووە بۆ (369) مامۆستا و لە ساتڵی 1990–1991 بۆ (489) مامۆستا بەرزبۆتەوە[1].

لە ساڵی خوێندنی 1980–1981 تێبینی دەکرێت، کە ژمارەی قوتابیان و مامۆستایانی قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی لەهەموو قوتابخانە پیشەیەکانی تر بەرزبۆتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستی حکومەت، چونکە لەکاتی شەڕدا پێویستی بە پسپۆڕیەکانیان هەبووە، تەنها قوتابی ئەم ئامادەییە (2804) قوتابی بوون، زۆربوونی ژمارەی قوتابیانیش کاریگەری هەبووە لەسەر زیادبونی ژمارەی مامۆستایان بەمەبەستی پێ گەیاندنیان، هەربۆیە ژمارەی مامۆستایانی ئەم ئامادەییە لەم ساڵەدا (185) مامۆستا بووە، قوتابخانەکانیش (7) ئامادەیی بووە، پێکهاتوون لە (2) کشتوکاڵ و (3) پیشەسازی و (2) بازرگانی، کە (3)یان تێکەڵاو و (3) کوڕان و (1) کچان بووە[2].

جێگای ئاماژە پێکردمنە لە ساڵی خوێندنی 1981–1982 (7) ئامادەیی پیشەیی لە پارێزگای هەولێر هەبووە کە بەم شێوەیە بووە (ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر، پیشەسازی هەولێر، بازرگانی هەولێری کچان، پیشەسازی کارەبا، بازرگانی هەولێری کوڕان، کشتوکاڵی انتصار، پیشەسازی مخمور) واتە لە کۆی (7) ئامادەیی پیشەسازی (5) ئامادەیی لە سەنتەری شاری هەولێر بوون[3].

لە ساڵی 1985–1986 لەکۆی (11) ئامادەیی پیشەیی (6)یان لەناوەندی سەنتەری شاری هەولێر بوون و (7) ئامادەیی پیشەسازی و (3)ی بازرگانی و (1) ئامادەیی کشتوکاڵ بووە، لە ساڵی 1987–1988 ژمارەی قوتابخانە پیشەیەکان کە (13) قوتابخانە بووە، (8) قوتابخانەی پیشەسازی و (4)ی بازرگانی و (1) کشتوکاڵ بوون، واتە بەوردبوونە لە ساڵەکانی پێشووتر قوتابخانەیەکی پیشەسازی و یەکێکی بازرگانی زیادبووە[4].

## تەوەرەی دووەم: یاسا و پرۆگرامەکان 1980-1991

### باسی یەکەم: یاسا و ڕێساو ڕێنماییە پەروەردەیەکان

حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق هەوڵی پەرەپێدانی پەروەردەیان داوە، تەنانەت بەپێی یاسای دەوڵەت خوێندن لە عێراق بەبێ بەرامبەر بووەبۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە باخچەی ساوایانەوە تا خوێندنی باڵا، هەمیشە ساڵ لەدوای ساڵ بودجەی تایبەت بۆ خوێندن تەرخانکراوە ئەمەش بەمەبەستی پەرەپێدانی ئەم کەرتە بووە[5].

هەر بۆ ئەم مەبەستەش سیستەم و ڕێنمایی و یاسای نوێیان دەرکردووە، هەرچەندە لەماوەی ئەم توێژینەوەیەدا شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران بەردەوامی هەبووە، بەڵام ئەم کەرتە لە بەروپێشچوون دابووە

[1] التقرير السنوي، الأحصاء التربوي لسنة 1980–1981، ص177؛ احصائية لمدارس محافظة منطقة الحكم الذتى ولجميع المراحل الدراسية 1985–1986، ص1/4 ؛ ئاماری پەروەردەی ناوەندی هەولێر، ئاماری ئامادەییە پیشەیەکان 1990–1991.

[2] التقرير السنوي، الأحصاء التربوي، 1980–1981، ص177.

[3] دليل التعليم لكافة المراحل الدراسية وحسب الوحدات الادارية، ص106.

[4] المديرة العامة لتربية اربيل، التخطيط التربوي، الأحصاء رياض الأطفال والمدارس المهنية و دور المعلمين والمعلمات ومعهد اعداد المعلمين للعام الدراسي 1985–1986، ص15 ؛ احصائية المدارس محافظات منطقة الحكم الذاتى ولجميع المراحل الدراسية 1985–1986، ص1/4؛ احصاء المدارس محافظة اربيل لجميع المراحل الدراسية لعام 1987–1988، ص24.

[5] مؤتمر التربية الدولى، الدوره الثانية والاربعون، تطور التربية فى العراق، التقرير الوطنى للجمهورية العراقية، مديرية مطبعة وزارة التربية، بغداد، 1990، ص25.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

لەڕووی سیستەم و یاساکانی تایبەت بەم بوارە، سیستەمی نوێ و یاسا و ڕێسای نوێ بۆ ئەم مەبەستە ڕێکخراون، بۆنموونە لە ساڵی 1980دا سیستەمێکی تایبەت بۆ قوتابخانە دواناوەندیەکانی خوێندنی ئیسلامی ڕێکخراوەو بڵاوکراوەتەوە، ئەم سیستەمە لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە دەرکاوە، هەشت بەشی سەرەکی لەخۆگرتووە، هەر یەک لە بەشەکانیش تایبەتمەندی خۆی هەبووە، بەشی یەکەم فەرمانە گشتیەکان (أحكام عامة)ی لەخۆگرتووە، لەم بەشەیاندا ئامانجی ئەم جۆرە قوتابخانانە دیاریکراوە بۆ نموونە یەک لە ئامانجەکانی ئامادەکردنی قوتابیانە بەئامادەکردنێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و شۆڕشگێری، فراوانکردنی تێگەیشتنی قوتابیان لەسەر ڕۆڵی عەرەب لە بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام و شارستانیەتی مرۆڤایەتی، و گەشەپێدانی لایەنی ڕۆشنبیری قوتابیان بەرۆشنبیری عەرەبی و ئیسلامی، لەهەمانکاتیشدا دەبێت لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی بدرێت بەزمانی عەرەبی. بەشی دووەم تایبەتە بە تۆمارکردنی ناوی قوتابیان و چەند ماددەیەکی لە خۆگرتووە، جێگای تێبینیە لەم بەشەدا ئاماژە بەوە کراوە کە نابێت قوتابیانی قوتابخانەی خویندنی ئیسلامی بگوزارێنەوە بۆ قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەییەکانی تر. لەبەشی سێیەمی سیستەمەکەشدا جەخکراوەتەوە لەسەر ڕۆژانی دەوام و پشوەکانی ئەم قوتابخانانە. هەرچی سەبارەت بە بەشی چوارەمیشە تایبەتکراوە بەدەستەی وانەبێژان، ئەرکی بەرێوبەر و یاریدەدەر و مامۆستایان دیاری کراوە، لەگەڵ ڕێکخستنی بەشەوانەی مامۆستایان و تۆماری قوتابخانەو بەرێوە چوونی تاقیکردنەوەکان. لەبەشی پێنجەمدا ئاماژە بەچالاکی پەروەردەیی کراوە، کە ئەم بەشەش چەند ماددەیەکی لەخۆگرتووە،. بەشی شەشەم تایبەتە بەچالاکی کۆمەڵایەتی و ئەنجومەنی دایباب. بەشی حەوتەم سەبارەت بەرێنوێنی کردنی قوتابیان و ئامۆژگاریکردنیانە، هەرچەندە سەبارەت بە بەشی هەشتەم و کۆتایی یە کە ژمارەیەک ماددەی لەخۆگرتووە تایبەتە بەتاقیکردنەوەکانی قوتابیان، جێگای سەرنجە قوتابخانەکانی خویندنی ئاینی لەڕووی سیستەمەوە هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ قوتابخانەکانی تری ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەییەکاندا نەبووە تەنانەت هەروەک قوتابخانەکانی تر لەم سیستەمەدا هەر قوتابیەک لە خوێندنی ئیسلامیلە هەریەک لەبابەتەکان نمرەی کۆششی 90 لەسەرەوەی هینابوایە لەکۆتایی ساڵ تاقیکردنەوەی ئەم بابەتەی نەکردوەو نمرەکەشی بەکۆتا نمرەی ساڵ بۆ هەژمارکراوە[1].

بەمەبەستی زیاتر پەرەپێدان و بوژانەوەی ئەم کەرتە لە ساڵی 1984دا سیستەمێکی تایبەت بەپەیمانگەی مەشق و پەرەپێدانی پەروەردەیی دەرچووە، مەبەست لەم سیستەمە ڕاهینان و مەشق پێکردنی ستافی پەروەردەو خوێندن و نوێکردنەوەی زانیاری و شارەزایی و لێزانی لە پسپۆریەکانیان و پەرەپێدانی کتێبی قوتابخانەکان بووە[2]. لەدواتریشدا ئەم پەیمانگەیە و سیستەمە نوێیە کاریگەری هەبووە لەسەر دووبارە ڕێکخستنی زیاتری مامۆستایان و کتێبی قوتابخانەکان.

دواتریش سیستەمی تایبەتی بەئەزمونە گشتیەکان لە ساڵی 1987 دەردەکرێت کە ئەم سیستەمە لە ساڵانی دواتردا بوو بە بناغەیەک بۆ دەرچوونی یاسا و ڕێنمایەکانی ئەم بوارە، ئەم سیستەمە لە هەشت بەش و بیست و

---

[1] الجمهورية العراقية، وزارة التربية، نظام المدارس الثانويه للدراسات الاسلامية، رقم (7)، لسنة 1980، مديرية مطبعة وزارة التربية رقم (3)، بغداد، 1981، ص ص 51-4

[2] نظام معهد التدريب والتطوير التربوي، رقم (6)، لسنة 1984، ص ص 2، 3.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

چوار مادده پێکهاتووه، بەپێی ماددەی پێنجەم بابەتی زمانی کوردی لەتاقیکردنەوەی گشتی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی زیاد دەکریت بۆ ئەوناوچانەی کە خویندنیان بەزمانی کوردییە. لەماددەی (12)شدا هاتووە هەموو قوتابیان مافی گازاندە (اعتراض)یان هەیە لەماوەی (15) ڕۆژ دوای بلاوکردنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان، بۆ هەر بابەتێکیش کە گازاندە دەنوسرێت پێویستە قوتابی (1) دینار بدات، ئەگەر گازاندەکەشی بۆ گەرایەوە ئەوا پارەکەشی بۆ دەگەرێندرێتەوە[1].

بێجگە لە سیستەمەکان ژمارەیەک یاساش دەرچوون لەلایەن حکومەتەوە بەمەبەستی زیاتر پاڵپشتی کردنی سیستەمی خوێندن لەوان وەک یاسای قوتابخانەی بەهرەداران لەزانست (قانون مدارس الموهوبين فى العلوم)، ئەم قوتابخانەیە چوار بەشی لەخۆگرتووە (بەشی بیرکاری، فیزیا، کیما، زیندەوەرزانی)، هەر قوتابیەکیش کە لەم قوتابخانەیەوە وەرگیرابێت ساڵانە کرێی خویندنی داوە کە (500) دینار بووە، لەهەمان کاتیشدا چەند مەرجێک دانراوە بۆ وەرگرتنی قوتابیان لەم جۆرە قوتابخانە، یەک لەوانە پێویست بووە دایک و باوکی عێراقی بن یان یەکێکیان عێراقی و ئەوی تریان عەرەب بیت، ئەگەر نا وەرنەگیراوە[2].

جێگای ئاماژە پێکردنەلەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، ژمارەیەک بریار بۆ ڕێکخستنی ڕەوشی پەروەردە دەرچووە وەک بریاری ژمارە (1533) کە لە ساڵی 1981 دەرچووە بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەمی سەرەتایی، کە لەم بریارەدا هاتووە تاقیکردنەوەی گشتی خوێندنی سەرەتایی لەسەر ئاستی پارێزگاکاندا دەبێت لەسەر نمرەی 50% و هەمان نمرەش بۆ کۆششی ساڵانە هەژمار دەکرێت[3]. لەلایەن هەمان ئەنجومەنەوە بریار درا بۆ ئەو قوتابیانەی کە دەرنەچوون لەتاقیکردنەوەی کۆتایی بەهۆی بەشداریکردنیان لەبەرەکانی جەنگ[4]، درێژە بەخویندنیان بدەن، ئەو ساڵەشیان بەساڵی دەرنەچوون بۆ هەژمارناکرێت[5].

دواتریش لە ساڵی 1985 لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشەوە بریاردرا بە گەڕانەوەی قوتابیانی کورد، مەبەستی ئەو قوتابیانەی کە بەهۆی نەهاتنەوە بۆ قوتابخانەکانیان لەکار دابرابوون (فصل)یان بۆ کرابوو، بەبێ ڕەچاوکردنی مەرجی تەمەن، ساڵانی دەرنەچوون و خزمەتی سەربازی[6].جێگای تێبینیە مەبەست لەم بریارە گەڕانەوەی ئەو قوتابیانەبوو کە چووبوونە ناو پێشمەرگە، واتە ببوون بە پێشمەرگە، ئەو بریارەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەوڵێک بوو بۆ گەراندنەوەیان.

جێگای ئاماژە پێکردنە ساڵانە کۆنگرەی پەروەردە لە بەغداد بەڕێوەچووە بۆ ڕێکخستنی پەروەردەی پارێزگاکان[7]، لە لەم چوارچێوەیەشدا پارێزگای هەولێر ساڵانە بەشداری کردووە، دواتر لە ساڵی 1986 لە کۆنگرەی

[1]نظام الامتحانات العامة، رقم (18) لسنة 1987، ص ص 2-8.

[2]قانون مدارس الموهوبين فى العلوم، رقم (105) لسنة 1985، ص4-5.

[3]قرار مجلس قياده الثورة، اجراء الامتحانات العامة للدراسة الابتدائية على مستوى المحافظات، رقم (1533)، 1981.

[4]مەبەست لە شەری عێراق و ئێرانە.

[5]الجمهورية العراقية، وزارة التربية، المديرية العامة للتعليم الثانوى مديرية الشؤن الفنية، مجموعة قرارات مجلس قيادة الثوره والتربية، بغداد، 1986، ل10.

[6]مجموعة قرارات مجلس قيادة الثورة والتعليمات الخاصة لشؤون الطلبة، ص29.

[7]المؤتمر التربوي العاشر، المنعقد فى بغداد للفترة 27-1984/11/29، التقرير النهائى والتوصيات ومجموعة الدراسات والبحوث، مديرية مطبعة وزارة التربية، رقم (3)، بغداد، 1987، ص ص49-51.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

پەروەردەیی دوازدەدا بڕیاردراوە کە لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی شارەکان ساڵانە کۆنگرە ببەسترێت بەمەبەستی مسۆگەرکردنی هۆشیاری پەروەردەیی و لێکۆڵینەوە لە دیاردە نەرێنی و ئەرێنیەکانی بەڕێوبەرایەتیەکانیان، لەم سۆنگەیەوە یەکەم کۆنگرەی پەروەردەیی لە هەولێر لەژێر دروشمی (گرنگی دان بە زانست واتە گرنگی دان بە بنیاتنانی وڵات) (الاهتمام بلعلم یساوی الاهتمام ببناء الوطن) لە 1987/7/27دا بەستراوە[1]، بۆ ساڵی دواتریش بەهەمان شێوە کۆنگرە بەستراوە لە 2/تەموز/1988 لەژێر دروشمی (هەر مرۆڤێک لەهەموو شتێکدا خۆی بەکەسێکی زانا بزانێت نەزانە، هەرمرۆڤێکیش هەولبدات هەمیشە فێربێت) (کل انسان یری نفسه عالما بکل شئ هو انسان جاهل، وکل انسان یرید ان یتعلم بشکل دائم هو الانسان المقول علیه ....)[2]. کۆنگرەی سێیەمیش لە 24–1989/4/25دا بەستراوە لەژێر دروشمی (ئێمە هەرچەندە شەونخونی بکەین هەمیشە هەست دەکەین لێمان داواکراوە زیاتر کار بکەین) (اننا مهما بذلنا من جهد نشعر دائما انه مطلوب منا ان نعمل اکثر)[3].

جێگای سەرنجە دروشمی هەرسێ کۆنگرەکە لە وتەکانی سەرۆکی عێراق (صدام حسین) وەرگیراوە. هەلبەتە ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە سەرۆکی عێراق ئەوکات چۆن هەوڵی داوە دەست بەسەر هەموو جومگەکانی دەسەڵات و بیرکردنەوەی تاکەکاندا بگرێت. لەهەرسێ کۆنگرەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە پێشکەش کران بەمەبەستی چارەسەرکردنی خاڵە لاوازەکان و جەخت کردن لەسەر خاڵە بەهێزەکان، ژمارەیەک لێژنەش پێکهێنراون بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی پەروەردەو جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەکان.

## باسی دووەم: خولەکانی مامۆستایان و پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر

بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی هەولێر و یەکەی ڕاهێنان گرنگیەکی زۆریان داوە بەبواری ڕەخساندنی ڕاهێنان و کردنەوەی خول بۆ مامۆستایان، هەڵبەتە ئەمەش بەمەبەستی بەهێزکردن و پتەوکردنی لایەنی زانستی مامۆستایانی شارەکەبووە، بەشیوەیەکی گشتی بۆ هەموو بابەتەکان و پسپۆریەکان خولی تایبەت ڕێکخراوە، بۆنموونە لە ساڵی 1980دا خولێک بۆ مامۆستایانی زمانی کوردی بەئەنجام گەیەندراوە، بەڕێوبەری خول مامۆستا (عسمان عبدالله محمد) بووە، و وانەبێژانی خولەکەش پێکهاتوون لە مامۆستایان (فیسل مستفی حاجی، عمر شێخ الله علی، حەمەکەریم ڕەمەزان احمد، کریم مستەفا محمد، نافع ولی سلێمان)، ئەم خولە لە ناوەندی جمهوری کوڕان بەڕێوەچووە[4].

بەم شێوەیە چەندان خول لە شاری هەولێر بەمەبەستی گەشەپێدانی توانای مامۆستایان کراوەتەوە، شان بەشانی ئەم خولانەش پێداچوونەوە بۆ کتێبی قوتابخانەکان کراوە، ساڵانە ئەم بوارە بەرەو پێش چوونی بەخۆیەوە بینیوە لە ساڵی 1980دا، بەمەبەستی وەرگێرانی کتێبی (بیرکاری، فیزیا، زانستی سروشتی/ العلوم الطبیعة، کیما، ...)

---

[1] المدیریة العامة للتربیة فی محافظة اربیل، ورقه العمل المقدمه الی المؤتمر التربوي الاول للمدیریة العامة للتربیة فی محافظة اربیل.

[2] المدیر العامة للتربیة فی محافظة اربیل، المؤتمر التربوي الثانی، 2/تموز/1988.

[3] الامانة العامة للتربیة والتعلیم العالی، المدیریة العامة لتربیة محافظة اربیل، ینعقدالمؤتمر التربوي الثالث، للفترة من 24–1989/4/25.

[4] المدیریة العامة لتربیة محافظة اربیل، وحدة التدریب، م/ ادارة ومحاضری دورة اللغة الکردیة، العدد (28415)، التاریخ 1980/9/15. بۆ زانیاری زیاتربروانە پاشکۆیس ژمارە (7)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

بۆ سەر زمانی کوردی، نوسراوێکی نهێنی ئاراستەی چەند کەسایەتیەک کراوە (عبدالکریم مدەرس، د. جلال محمد صالح، د. جوامێر، موسی عبدالسەمەد، د. حەسەن کنانە، عزیز قادر، هۆشەنگ سەید أحمد، ...)[1].

دواتریش هەر لەهەمان ساڵدا فەرمانێکی وەزاری دەرچووە بە مەبەستی پێکهێنانی چەند لێژنەیەک بۆ پێداچوونەوەی پرۆگرامەکانی خوێندنی زمانی کوردی و لێکۆڵینەوە لەزاراوەکان، بۆ ئەم مەبەستەش دوو لێژنە پێکهاتوون، لێژنەی یەکەم پێکهاتووە لە (موسی عبدالسەمەد، د. کامل بسیر، د. احسان فؤاد، عزیز قادر، شکور مصطفی)، هەرچی لێژنەی دووەمیش بوو ئەندامانی بریتی بوون لە (عبدالله فرج اسماعیل، د. عبدالرحمن حاج معروف، عبدالرزاق حمد سالح، هۆشەنگ سید احمد، محمد ئەحمەد طه)[2]. دواتریش لە ساڵی 1984 کتێبی (مێژووی نوێ و هاوچەرخی نیشتمانی عەرەبی) پۆلی شەشەمی ئامادەیی وەگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی کتێبەکەش بۆ (عبدالرزاق حمد صالح) ناسراو بە (عبدالرزاق بیمار) ناردراوە[3].

لە ساڵی 1988 بەپێی فەرمانێکی کارگێری بریاردراوە بەوەرگێرانی کتێی خوێندنەوەی عەرەبی (قراءة العربية) بۆ پۆلی پێنج و شەشی سەرەتایی بۆ سەرزمانی کوردی بۆ ئەو قوتابخانەی کە خوێندنیان بەزمانی کوردییە[4].

بەشێوەیەکی گشتی ئەو کتێبانەی لەنێوان ساڵانی 1980-1991 وەرگێردراونەتە سەر زمانی کوردی یان پێداچوونەوەیان بۆ کراوە بەم شێوەیە بوون:

1. کتێبەکانی قۆناغی سەرەتایی (پەروەدەی نیشتمانی بۆ پۆلی چوارەم، مێژوی عەرەبی ئیسلامی، پەروەردەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی پێنجەم، مێژووی نوێی نیشتمانی عەرەبی، جوغرافیای وڵاتی عێراق ....)[5].

2. کتێبەکانی قۆناغی ناوەندی (مێژووی کۆنی نیشتمانی عەرەبی بۆ پۆلی یەکەم، سەرەتای جوغرافیای گشتی بۆ پۆلی یەکەم، پەروەردەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی، ماڵداری بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی کچان[6]، ژیانزانی بۆ پۆلی دووەم[7]، بیرکاری (ئەندازە) بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی، کیمیا بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی، مێژووی عەرەبی ئیسلامی بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی، جوغرافیای نیشتمانی عەرەب بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی، پەروەردەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی، مرۆڤ و تەندروستی، بیرکاری (ئەندازە) بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی، جەبر (بیرکاری) بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی، مێژووی نوێ

[1] وزارة التربية، المديرية العامة للدراسة الكردية، المناهج والكتب، م/ سرى، العدد (157)، التاريخ 1980/8/24.

[2] وزارة التربية، مديرية العامة للدراسة الكرديه المناهج والكتب، م/ تشكيل لجان، عدد (68051)، التاريخ 1980/10/26.

[3] وزارة التربية، المديرية العامة للدراسة الكردية، منهاج والكتب ، م/ تقيم ترجمة كتاب، عدد (6)، التاريخ 1984/2/28. بۆزانیاری زیاتر بروانە پاشکۆی ژمارە (8)

[4] وزارة التربية المديرية العامة للدراسة الكردية، مديرية المناهج والكتب، م/ ايدارى، العدد (22245) التاريخ 4/16/ 1988.

[5] مصطفی نەریما، ببلۆگرافیای دووسەد ساڵی کتێبی کوردی 1787-1986، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە (228)، بغداد، 1988، ل ل 284-290.

[6] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل 290-298.

[7] کۆماری عێراق، وەزارەتی پەروەردە، ژیانزانی بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی، دانانی: د. حسین عباس وأخرون، وەرگێرانی: فؤاد عزة مصطفی، جمال عبدول و ئەوانی تر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ لە هەولێر چاپکراوە، 1983.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی[1]، جوگرافیای عێراق و هەندێ لە دەولەتە دروسێکانی بۆ پۆلی سێیەم، پەروەردەی نیشتمانی بۆ پۆلی سێیەم، کیمیا بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی ....[2])

3. کتێبەکانی قۆناغی ئامادەیی: (مێژووی شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی گشتی، جوغرافیای گشتی بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی گشتی، پەروەردەی تەندروستی بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی، وانەکانی بەرگری میللی بۆ پۆلی چوارەمی گشتی، مێژووی نوێ بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی (وێژەیی)، مێژووی نوێ بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی وێژەیی، جوغرافیای سروشتی بۆ پۆلی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی وێژەیی، پەروەردەی خیزان بۆ پۆلی پینجەمی ئامادەیی بۆ کچان، بنچینەی زانین و پەروەردەیی تەندروستی بۆ پۆلی پینجەمی ئامادەیی، بیرکاری گشتی بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی وێژەیی، جوغرافیای مرۆیی بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی، ئەندازەی بەرجەستە بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی، تەنە ئەندازە بۆ پۆلی شەشەمی زانیاری[3]، کیمیا بۆ پۆلی شەشەمی زانیاری[4]، پەروەردەی دروستی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی زانستی و وێژەیی بۆ کچان[5]، کیمیا بۆ پۆلی شەشەمی زانیاری، کیمیا بۆ پۆلی چواەرمی ئامادەیی...).

ئامادەییە پیشەیەکان خویندن تێیدا بەزمانی عەرەبی بووەو وە لەپاڵیشدا زمانی کوردی خوێندراوە. شیاوی ئاماژە پیدانە بەشێک لەو کتێبانە لە بەغدا لە چاپدراون و بەشێکیشی لەچاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر، واتە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە (هەولێر) رۆلێکی بەرچاوی هەبووە لە بەرەوپێشچوونی دۆخی خویندن. لەهەمان کاتدا مامۆستایانی شاری هەولێریش لە پرۆسەی دانان و وەرگێرانی کێتبەکان بۆ سەر زمانی کوردی درێخیان نەکردووە، لەوانە (عزالدین فیزی، فەوزی زەکی احمد، اسماعیل محمد خۆشناو، سۆران عزالدین فیزی، عمر شێخ الله، ....)

ساڵانەش بەهۆی دۆخی وڵات و شەڕی نێوان عێراق – ئێران، قوتابیان لە قوتابخانەکاندا ڕاهێندراون لە بەرگری کردن لە ولات و فریاگوزاری سەرەتایی و خولی تایبەتیان بۆ کراوەتەوە بەمەبەستی راهێنانیان لەسەر چەک (قوتابیانی دواناوەندی و ئامادەیی)، ئەم خولانەش بەزۆرەملێ بووەو خۆویست نەبووە، دوای تەواوکردنی خولەکەش ئاهەنگی ڕێزلێنانیان بۆ کراوە. لە پاڵ هۆشیارکردنەوەی قوتابیان هەستی بەعس و بیروبۆچوونی بەعس لە قوتابخانەکاندا رەنگی داوەتەوە، تەنانەت بابەتەکانی مێژوو و پەروەردەی نیشتمانی، زۆر بەدەگمەن باسی کوردیان کردوە، زیاتر لە خزمەت ناساندنی مێژوو و شارستانیەتی عەرەب دابوون، تەنانەت عێراق هەمیشە وەک بەشێک لە

[1] مصطفی نەریمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل 296–304.

[2] کۆماری عێراق وەزارەتی پەروەردە، کیمیا بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی، دانانی: د. طاهر احمد طاهر، د. فهد علی حسین واخرون، گۆرینی بۆ کوردی: د. ذنون محمد بیریادی، جمال عبدول محمد و ئەوانی تر، چاپی یەکەم، چاپخانەی دیوانی، بەغداد، 1990.

[3] مصطفی نەریمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ل 305–312.

[4] کۆماری عێراق وەزارەتی پەروەردە، کیمیا بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی، وەرگێرانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چاپی (2) چاپخانەی وەزرەتی پەروەردە/ لە هەولێر چاپکراوە، 1981.

[5] کۆماری عێراق، وەزارەتی پەروەردە، پەروەردەی دروستی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی زانستی و وێژەی بۆ کچان، لێژنەیەک لەوەزارەتی پەروەردە دای ناوە، وەرگێرانی بۆ کوردی: اسماعیل محمد خۆشناو، فەوزی زەکی احمد، عمر بکر محمد، سۆران عزالدین فیض، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الحریة، بغداد، 1983.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

نیشتمانی عەرەب و دانیشتوانەکەشی بەعەرەب ناسێندراون. هاوکات حیزبی بەعس هەمیشە هەوڵی لاوازکردن و لەناوبردنی زمانی کوردی داوە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا بڕیاری داوە بەوەی کە هەر قوتابیەک لە قوتابخانەی خوێندنی کوردی لەوانەی کوردی دەرنەچێت بەدەرنەچوو هەژمار ناکرێت، واتە لە قۆناغێک دەپەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی تر و بەدەرچووش هەژماردەکرێت[1].

هەوڵەکانی ئەم پارتە بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی زمانی کوردی لەساڵی 1989دا بەرجەستەبوو، کاتێک نووسینگەی ڕێکخستنەکانی باکور، بڕیاری دا بەگۆڕین و لابردنی خوێندن بەزمانی کوردی بۆ زمانی عەرەبی جێەجێکردنی بڕیارەکەش لە 70% بێت و بۆ ساڵی خویندنی 1989-1990، 100% بێت بۆ ساڵی خوێندنی 1990-1991 بەپێی هەمان نووسراو ژمارەیەک کەسایەتی و مامۆستا لە شاری هەولێر بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکەو پێداچوونەوەی پرۆگرامەکان دەستنیشان کراون[2].بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیارەکەش لە ساڵی 1989 ژمارەیەک قوتابخانە کراوەتەوە کە زۆرینەیان بەزمانی عەرەبی بوون هەروەک لە تەوەرەی یەکەم، باسی دووەم ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان بۆ ناوی قوتابخانەکان کردووە، بەڵام ڕووداوە سیاسیەکان و ڕاپەڕینی گەلی کورد لەبەهاری ساڵی 1991 ڕێگەی نەدا بەجێبەجێکردنی پرۆسەکە.

هەرچەندە سەبارەت بە پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکانە لەماوەی تایبەت بەم لێکۆڵینەوەیە بەم شێوەیە بووە:

1- قۆناغی سەرەتایی[3]

خشتەی ژمارە (3)

پرۆگرامی قۆناغی سەرەتایی لەنێوان ساڵانی 1980-1991

| بابەتەکان | | خویندنی بابەتەکان بەپێی قۆناغەکان |
|---|---|---|
| پەروەردەی ئاین | | 6-1 |
| زمانی عەرەبی و خۆشنوسی | | 6-1 |
| زمانی ئینگلیزی | | 6-5 |
| بیرکاری | | 6-1 |
| بنەماکانی زانست و پەروەردەی تەندروستی | پەروەردی ژیانی | 6-1 |
| پەروەردەی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی | | 6-1 |
| بابەتە کرداریەکان (پەروەردەی هونەر، کشتوکاڵ بەڕێوبەری ماڵ) | | 6-1 |
| پەروەردەی وەرزش | | 6-1 |
| گۆرانی و مۆسیقا | | 6-1 |

[1]طارق جامباز، مەراسیم وقرارات مجلس قیادة الثوره (1988-2003)، مطبعة شهاب، اربیل، 2004، ص139.
[2]حزب البحث العربی الاشتراکی، القطر العراقی، قیادة مکتب تنظیم الشمال، م/ الدراسة الکردیة، العدد (71)، التاریخ 1989/3/18.
[3]التقریر السنوي، الأحصاء التربوي لسنة 1982-1983، ص39.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

تێبینی/

- کاری دەستی تایبەت بەکوڕان.
- بەڕێوەبردنی ماڵ تایبەت بەکچان.
- پەروەردەی کشتوکاڵ تایبەت بەگوندەکان.

2- قۆناغی ناوەندی[1]

خشتەی ژمارە (4)

پرۆگرامەکانی قۆناغی خوێندنی ناوەندی لەنێوان ساڵانی 1980-1991

| بابەتەکان | | خوێندنی بابەتەکان بەپێی قۆناغەکان |
|---|---|---|
| پەروەردەی ئاین | | 3-1 |
| زمانی عەرەبی | | 3-1 |
| زمانی کوردی[2] | | 3-1 |
| زمانی ئینگلیزی | | 3-1 |
| کۆمەڵایەتی | مێژوو | 3-1 |
| | جوگرافیا | 3-1 |
| | پەروەردەی نیشتمانی کۆمەڵایەتی | 3-1 |
| بیرکاری | بنەماکانی بیرکاری | تەنها پۆلی یەک |
| | جەبر | 3-2 |
| | ئەندازە | 3-2 |
| زانست و تەندروستی | زانستی گشتی | تەنها پۆلی یەک |
| | کیمیا | 3-2 |
| | زیندەوەر زانی و تەندروستی | 3-2 |
| | فیزیا | 3-2 |
| پەروەردەی هونەر | | 3-1 |
| پەروەردەی وەرزش | | 3-1 |
| ماڵداری[3] | | 3-1 |

[1]التقرير السنوي، الأحصاء التربوي لسنة 1981-1982، ص92.
[2]تایبەت بەو قوتابخانانەی کە خوێندنیان بەزمانی کوردیية
[3]تەنها تایبەتە بە کچان



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

3- قوتابخانەی ئامادەیی[1]

خشتەی ژمارە (5)

پرۆگرامی قۆناغی ئامادەیی لەنێوان ساڵانی 1980-1981

| بابەتەکان | | خوێندنی بابەتەکان بەپێی قۆناغەکان |
|---|---|---|
| پەروەردەی ئاین | | 6-4 |
| زمانی عەرەبی | | 6-4 |
| زمانی کوردی | | 6ی زانستی و وێژەیی |
| زمانی ئینگلیزی | | 6-4 |
| زانستە کۆمەڵایەتیەکان | مێژوو | 4، (5-6) وێژەیی |
| | جوگرافیا | 4، (5-6) وێژەیی |
| | کۆمەڵایەتی | 5 ی وێژەیی |
| ئابووری | | (5-6) وێژەیی |
| بیرکاری | | 6-4 |
| فیزیا | | 4، (5-6) زانستی |
| کیمیا | | 4، (5-6) زانستی |
| زیندەوەرزانی | | 4، (5-6) زانستی |
| پەروەردەی وەرزش | | 6-4 |
| پەروەردەی هونەر | | 6-4 |
|ماڵداری[2] | | 6-4 |

[1] التقرير السنوي، الأحصاء التربوي لسنة 1982-1983، ص91.
[2] تەنها تایبەت بەکچان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## دەرئەنجام:

1) پرۆسەی خوێندن لەشاری هەولێر بەشێوەیەکی ئاشکرا کاریگەری دۆخی سیاسی ناوچەکەی پێوە دیارە لەکاتی شڵەژانی دۆخی سیاسیو هەبوونی کێشەی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و حکومەتی عێراق ، جۆرە پاشەکشەیەک لەم کەرتەدا بەدی دەکرێت ، لە هەمان کاتیشدا دروستبوونی دۆخێکی سیاسی لەبارو گونجاو بووەتە پاڵپشتییەک بۆ گەشەسەندنی ئەم کەرتە.

2) لەماوەی توێژینەوەکەددا ژمارەیەک سیستەم و یاسا و ڕێسا دەرکراوە، بەمەبەستی دوبارە ڕێکخستنەوەی کەرتەکەو بەرو پێشبردنی، ژمارەیەکی زۆر کتێب بۆ قوتابخانەکان لە چاپدراون و ژمارەیەک خولیش بۆ مامۆستایان کراوەتەوە.

3) مامۆستایانی هەولێر لەگەڵ ئەو پاڵەپەستۆیەی لەلایەن ڕژێمەوە لەسەریان بوە، هەرگیز دریخیان نەکردووە لە پێگەیاندنی ڕۆلەکانی نیشتمانەکەیان، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆریان بەهۆی نەبوون بە بەعس و جەیشی شەعبی و پەیرەونەکردنی ڕێنماییەکانیان دووچاری گیروگرفت و نەهامەتی زۆرهاتوونەتەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# Situation of Official Schools in Erbil City 1980 – 1991

**Snur Sabah Sidiq**
Department of History, Collage of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** snursk@gmail.com

**Abstract:**

The subject of the official study conditions in the city of Erbil is of great historical and cultural importance, especially for the city that historians have confirmed in historical sources as one of the oldest cities in the world.

The subject of the official study conditions in the city of Erbil for the period between 1980-1991 did not have the importance of being mentioned by researchers, and scientific research has not been conducted on it. Therefore, there is a scientific necessity to carry out such research. The reason for choosing the study period (1980 - 1991) is that because of the outbreak of the Iran-Iraq war in 1980, all aspects of life were affected by this war. Although this war ended in 1988, its effects and repercussions continued to affect the joints of Life in Iraq and the city of Erbil, in addition to the fact that political problems and convulsions grew and developed in that period until Iraq entered Kuwait in 1990, which resulted in wars and regional and internal problems in Iraq. Since that date, a new historical era has begun in the region.

This study consists of an introduction to the topic in addition to two main axes and concluded with a list of sources and appendices, in the entry a summary of the official study in the city of Erbil for the period between 1970 - 1980 was presented, and the first axis was devoted to the political situation and the educational process for the period between 1980 - 1991, and in the second axis The laws, regulations, and educational curricula for the period between 1980 - 1991 are covered.

**Key Words:** The Governmental Study, Schools, Studentsk Teachers, Laws and Regulations, Erbil City.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## سەرچاوەکان

بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردە، لێکۆڵینەوەو پشکنین، ب/ گۆڕینی ناوی قوتابخانە، ژمارە (3185)، 1994/3/16.

ئاماری پەروەردەی ناوەندی هەولێر، ئاماری ئامادەییە پیشەییەکان، 1990-1991.

ئاماری پەروەردەی ناوەندی هەولێر، ئاماری مامۆستایان ساڵی 1990-1991.

المديريه العامة للتربية فى محافظة اربيل، الشعبة الفنية للتعليم الابتدائى، م/ فتح مدارس، العدد (25668)، التاريخ 1980/11/12.

المديريه العامة للتربية اربيل، البحوث والدراسات، العدد (25214)، م/ فتع ودمج وشطر مدارس، التاريخ 1983/8/21.

المديريه العامة للتربية فى محافظة اربيل، البحوث والمدارسات، م/ فتع مدارس، العدد، (29095)، التاريخ 1981/9/20.

المديريه العامة للتربية فى محافظة اربيل، الشعبة الفنية للتعليم الابتدائى، العدد (35668)، م/ فتع الدارس، التاريخ 1980/11/12.

الى المديريه العامة لتربية فى محافظة اربيل، الامتحانات، م/ درجاتو 1982/10/24.

الى المديريه العامة لتربية فى محافظة اربيل، م/ درجات امتحان النهائى الدور الثانى، لصف السادس، العدد (143)، 1982/10/26.

ادارة مدرسة نيگار المختلطه، م/ نتائج امتحانات الدور الثانى، العدد (102)، 1982/11/15.

مدرسة سروة المختلطهو م/ الامتحانات، العدد (320) التاريخ 1983/5/20.

المديريه العامة للتربية فى محافظة اربيل، البحوث والدراسات، م/ دمج مدرستين، العدد (14302) 1987/7/23.

المديريه العامة للتربية فى محافظة اربيل،البحوث الدراسات الابتدائى، م/ شطر مدرسة، العدد (9116)، 1981/3/25.

مدرسه نالى الابتدائيه المختلطه، درجات الامتحانات النهائيه لسنة الدراسية 1983-1984.

بيان، م/ فتع مدارس، العدد (15776)، 1987/8/21.

المديريه العامة للتربية فى محافظة اربيل، م/ درجات الامتحانات النهائى، 1988/7/9.

المديريه العامة للتربية فى محافظة اربيل، البحوث والدراسات، م/ تنزيل درجة وتغيراسم، العدد (22292)، التاريخ 1989/9/6.

ادارة متوسطة زينب للبنات، العدد (9)، م/ درجات الامتحانات النهائية، 1981/7/21.

ادارة متوسطة جنار للبنات، درجات الامتحانات النهائى للصفوفغير منتهيه، العدد (227)، 1984/7/15.

ادارة متوسطة كفاح للبنبن للسنة الدارسية 1981-1982، الدور الثاني.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

المديريه العامة للتربية فى محافظة اربيل (ذاتيه الثانوى)، م/ رفع درجة وفتح متوسطات للبنن والبنات فى مركز المحافظة، العدد (32385)، 1980/10/14.

ادارة متوسطة ابن خلكان، الى/ المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، م/ نتائيج الدور الثناى، العدد (88)، 1982/10/28.

المديريه العامه لتربية اربيل، ذاتيه الثانوى، م/بيان، العدد (31243)، التاريخ 1981/10/4.

متوسطة كاروان للبنبن، درجات الامتحانات النهائية، للسنة الدراسية 1983–1984.

المديرية العامه لتربية محافظة اربيل، البحوث الدراسات، رفح درجة مدارس وفتح مدارس، العدد (7158)، 1992/9/7.

ادارة متوسطة بهار للبنات، درجات الامتحانات النهائية للمدارس الثانوية للسنة الدرسية 1984–1985.

ادارة الثانوية ابن مستوفى المسائى، درجات الامتحات النهائية للسنة الدراسية 1983–1984.

المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، البحوث الدراسات، م/ فتح مدرسة، العدد (42512، 1983/11/27.

ادارة متوسطة الوحدة للبنين، م/ درجات، العدد (74)، 1986/7/26.

الثنوية وحده للبنين، درجات الامتحانات للسنة الدراسية،1990–1991.

ثانوية يەكگرتن، درجات الامتحانات للمدارس الثانوية سنة الدراسية 1991–1992.

متوسطة هلاله للبنات، الصف الثاني دراسة عربية، درجات الامتحانات النهائية للمدارس الثناوية لسنة 1986–1987.

المديرية العامة لتربية اربيل، البحوث الدراسات، م/فتح مدرسة متوسطة، العدد (19625)، 1986/9/3.

متوسطة فريشته للينات، م/ بورد الدرجات، العدد (209)، 1988/7/5.

المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، البحوث الدراسات، م/ رفح درجة متوسطة الى الثانوية، العدد (9669)، 1993/8/30.

ادارة متوسطة شارستان للبنات، م/ درجات النهائية/ الدور الاول، العدد (200)، 1990/6/30.

المديريه العامة للتربية فى محافظة اربيل، مديرية التخطيط التربوي، البحوث والدراسات، م/ فتح وشطر ونقل مدارس، العدد (20788)، 1989/8/20.

المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، وحدة التدريب، م/ ادارة ومحاضرى دورة اللغة الكردية، العدد (28415)، التاريخ، 1989/9/15.

وزارة التربية، المديرية العامة للدراسة الكردية، المناهج والكتب، م/ سرى، العدد (157)، التاريخ 1980/8/24.

لمديرية العامة لتربية محافظة اربيل، البحوث الدراسات، م/ أسم روضة، العدد (23529)، التاريخ 1985/9/5.

وزارة التربية، مديرية العامة للدراسة الكردية المناهج والكتب، م/ تشكيل لجان، عدد (68051)، التاريخ 1984/2/28.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

وزارة التربية المديرية العامة للدراسة الكردية مديرية المناهج والكتب، م/ تقيم ترجمة كتاب، العدد (6)، التاريخ 1988/4/16.

وزارة التربية المديرية العامة للدراسة الكردية، المناهج والكتب، م/ امر ادرى، العدد (22245)،
التاريخ 1988/4/16.

مجلس قيادة الثورة، رقم القرار (288)، تاريح القرار 1970/3/11.

قانون الحملة الوطنية الشاملة لمحو الامية الالزامى، رقم (92)، 1978/5/22.

قرار مجلس قياده الثورة، اجراء الامتحانات العامة للدراسة الابتدائية على مستوى المحافظات، رقم (1533)، 1981.

المديرية العامة للتربية فى محافظة اربيل، ورقة العمل المقدمة الى المؤتمر التربوي الأول للمديرية العامة للتربية فى محافظة اربيل.

الأمانة العامة للتربية والتعليم العالى، المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، ينعقد المؤتمر التربوي الثالث،للفترة من 24-1989/4/25.

حزب البحث العربى الاشتراكى، القطر العراقى، قيادة مكتب، تنظيم الشمال، م/ الدراسة الكردية ، العدد (71)، التاريخ 1989/3/18.

المديرية العامة للتربية في محافظة اربيل, المؤتمؤ التربوي الثاني, 2/تموز/1988.

ئاماری پەروەردەی ناوەندی هەولێر، ئاماری قوتابخانەکانی ساڵی 1990-1991.

کۆماری عێراق وەزارەتی پەروەردە، ژیانزانی بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی، دانانی: د. حسین عباس وأخرون، وەرگێرانی: فؤاد عزة مصطفی، جمال عبدول و ئەوانی تر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ لە هەولێر چاپکراوە، 1983.

کۆماری عێراق، وەزارەتی پەروەردە، کیمیا بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی، دانانی: د. طاهر أحمد طاهر، د. فهد علی حسین و أخرون، گۆڕینی بۆ کوردی: د. ذنون محمد پیربادی، جمال عبدول محمد و ئەوانی تر، چاپی یەکەم، چاپخانەی دیوانی، بەغداد، 1990.

کۆماری عێراق، وەزارەتی پەروەردە، کیمیا بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی، وەرگێرانی لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ لە هەولێر چاپکراوە، 1981.

کۆماری عێراق، وەزارەتی پەروەردە، پەروەردەی دروستی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی زانستی و وێژەیی بۆ کچان، لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە دایناوە، وەرگێرانی بۆ کوردی: اسماعیل محمد خۆشناو، فوزی زەکی احمد، عمر بکر محمد، سوران عزالدین فیض، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الحرية، بغداد، 1983.

وزارة التربية، المديرية العامة للتخطيط التربوي، قسم الأحصاء، التقرير السنوى، الأحصاءالتربوي 1980-1981، شركة المطابع. النموذجية – عمان، ب.س .

الجمهورية العراقية، وزارة التربية، المديرية العامة للتخطيط التربوي، قسم الأحصاء، التقرير السنوى، الأحصاءالتربوي 1981—1982، ب.م، ب.س .

الجمهورية العراقية، وزارة التربية، المديرية العامة للتخطيط التربوي، قسم الأحصاء، التقرير السنوى، الأحصاءالتربوي 1982-1983، ب.م، ب.س .

الجمهورية العراقية، وزارة التربية، المديرية العامة للتخطيط التربوي، الخارطة المدرسية ، التقرير التربوي، الواقع الحالى الاحتياجات المستقبلية 1985-1990، بغداد، 1986.

مديرية العامة تربية محافظة اربيل، مديرية التحطيط التربوي، احصائية مدارس محافظة اربيل لجميع مراحل الدراسية لعام 1987-1988، الأحصاءالتربوي، ب.م، ب.س .

المديرية العامة العامة لتربية اربيل، مديرية التخطيط التربويالأحصاء المؤشرات الاحصائية عن مدارس محافظة اربيل، 1989-1990، الأحصاءالتربوي، ب.م، ب.س .

وزارة التربية، المديرية العامة للتخطيط التربوي، مديرية الأحصاء، رياض الأطفال فى العراق للعام الدراسي 1984-1985، ب.م، 1985.

المديرية العامة لتربية اربيل، الأحصاءالتربوي، دليل التعليم لكافة المراحل الدراسية وحسب الوحدات الادارية 1981-1982، ب.م، ب.س .

المديرية العامة لتربية اربيل، التخطيط التربوي، الأحصاء، رياض الاطفال والمدارس المهنية ودور المعلمين والمعلمات ومعهد اعداد المعلمين للعام الدراسي 1985-1986، ب.م، ب.س .

وزارة التربية، المديرية العامة التخطيط التربوي، مديرية الأحصاء، التعليم المهنى فى العراق للعام الدراسي 1989-1990، العدد (158)، ب.م، 1990.

مؤتمر التربية الدولى، الدورة الثانية والاربعون، تطور التربية فى العراق، التقرير الوطنى للجمهورية العراقية، مديرية مطبعة وزارة التربية، بغداد، 1990.

نظام معهد التدريب والتطوير التربوي، رقم (6) لسنة 1984.

نظام الامتحانات العامة، رقم (18) لسنة 1987.

قانون مدارس الموهوبين فى العلوم، رقم (105)، لسنة 1985.

الجمهورية العراق، وزارة التربية المديرية العامة للتعليم الثانوى، مديرية الشؤون الفنية، مجموعة قرارات مجلس قيادة الثورة والتعليمات الخاصة بشؤون الطلبة، مديرية مطبعة وزارة التربية، بغداد، 1986.

المؤتمر التربوي العاشر، المنعقد فى بغداد للفترة 27-1984/11/29، التقرير النهائى والتوصيات ومجموعة الدراسات والبحوث، مديرية مطبعة وزارة التربية، رقم (3) بغداد، 1987.

الجمهورية العراقية، وزارة التربية نظام المدارس الثانوية للدراسات الأسلامية، رقم (7) لسنة 198؛ مديرية مطبعة وزارة التربية رقم (3)، بغداد، 1981.

ڕووداوەکانی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (41)، 1973/3/8.

الوقائع العراقية ، عدد (1917)، 1970/9/8.

حەمە کەریم هەوارمی، چیرۆکی من و گوندەکەم، بەرگی سێیەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2018.

کاوە محەمەد، نووسینەوەی ئاسمان، (سەفەرنامە)، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2015.

حسێن عەبدوالله، سەردەمی من، هەولێر، 2013.

سنور صباح صديق، خوێندنی فەرمی لە شاری هەولێر 1958-1980، توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەیی، (نامەی دکتۆرا بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب بەشی مێژوو، هەولێر، 2019.

ئاراس عبدالرحمان مستەفا، خۆپیشاندان و راپەرینەکانی باشوری کوردستان، بەشی دووەم، سلیمانی، 2013.

د. سەلاحەدین حەفید، ئابووری کوردستان 1977-1990، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2000.

شوان سلێمان یابە، ئیندیکێسی گۆڤاری کۆری زانیاری کورد 1973، 2002، هەولێر، 2006.

مستەفا نەریمان، ببلۆگرافیای دوو سەد ساڵی کتێبی کوردی 1788-1986، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنی دەزگای رۆشنبیری، وە بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، 1988.

وشیار حەمەد حاجی، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان (چەند لاپەڕەیەکی مێژووی سەرهەڵدان، تێکۆشان1962-1998)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 1998.

طاريق جامباز، حراسم وقرارات مجليس قيادة الثورة (1988-2003)، مطبعة شهاب، اربيل، 2004.

نزارجرجيس علي، صحافة اربيل، بغداد، 1988.

د. ئازاد عوبێد ساڵح، کۆڕی زانیاری کوردی، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، گۆڤاری (ئەکادیمیای کوردی)، ژمارە (39)، هەولێر، 2017ز

د. ئازاد عوبێد ساڵح، کۆڕی زانیاری کوردی، کارو چالاکیەکانی 1970-1978، گۆڤاری (ئەکادیمیای کوردی)، ژمارە (40)، هەولێر، 2018.


قادر مجید قشوری، پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان، هەولێر گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (12)، 2001.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## پاشکۆکان

پاشکۆی ژمارە (1)



الجمهورية العراقية

المديرية العامة لتربية اربيل
البحوث والدراسات

العدد /٦/٩/ ٢٥٧١٤
التاريخ / / ٨ /١٩٨٣

بيان

م/ فتح ودمج وشطر مدارس

انطلاقا من اهداف ثورة السابع عشر من تموز الاشتراكية ولتوفير الفرص التعليمية لكافة ابناء الشعب واستنادا الى موافقة محافظة اربيل/ الادارة المحلية/ ذاتية التعليم المحلي بكتابها المرقم ١١٧٨٠ في ٢٠/٨/١٩٨٣ تقرر مايلي :-

١- فتح روضة في البناية الجديدة قرب مدرسة كلستان المختلطة باسم روضة ( لاو لاو )
٢- فتح روضة في محلة حي الامن باسم روضة ( المبسم )
٣- فتح مدرسة ابتدائية مختلطة في البناية الجديدة المشيدة حديثا خلف روضة كوران باسم مدرسة ( الملكوت ) المختلطة .
٤- فتح مدرسة ابتدائية اسلامية تداوم مزدوجة مع مدرسة الصمود باسم مدرسة ( النور الاسلامية )
٥- فتح مدرسة البنات تداوم في بناية مدرسة ابن المستوفي في ديراوه باسم مدرسة ( ژين ) للبنات
٦- دمج مدرسة المظفرية مع مدرسة مريوان في مدرسة واحدة في بناية متوسطة شيلان للبنات باسم مدرسة ( مريوان ) للبنين .
٧- دمج مدرستي المستوفي ومولوي بمدرسة واحدة تداوم في البناية نفسها باسم مدرسة مولوي للبنين
٨- شطر مدرسة الجمهورية للبنين الى مدرستين مستقلتين تداومان بصورة مزدوجة احداهما باسم ( الجمهورية ) للبنين والاخرى باسم ( ئالي المختلطة )
٩- شطر مدرسة يكرتن الى مدرستين احداهما باسم مدرسة يكرتن والاخرى باسم ( الاسكان ) لكثرة عدد طلابها .
١٠- نقل مدرسة تريفة الى بناية مدرسة النبراس .
ينفذ اعتبارا من العام الدراسي المقبل ١٩٨٣/١٩٨٤ .


هاشم محمد سعيد البرزنجي
المدير العام

نسخة منه الى :-
وزارة التربية / مكتب السيد الوكيل / ليتفضل السيد وكيل الوزير بالاطلاع لطفا
وزارة الحكم المحلي / مديرية الحكم المحلي / العامة / مديرية التعليم المحلي / ...
وزارة التربية / المديرية العامة للتعليم الابتدائي / رياض الاطفال / الشعبة الفنية
وزارة التربية / المديرية العامة للتخطيط التربوي / مديرية التخطيط التربوي
وزارة التربية / المديرية العامة للعلاقات الثقافية / مديرية الاحصاء
الامانة العامة للتربية والتعليم العالي / مديرية الشؤون الفنية / قسم الادارة المحلية
محافظة اربيل / الادارة المحلية / ذاتية التعليم المحلي / كتابكم اعلاه بعدد الوثائق

تایبەت بەکردنەوەو تێکەڵاوکردن و جیاکردنەوەی قوتابخانە (ئەرشیفی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

پاشكۆی ژمارە (2)



المديرية العامة للتربية في محافظة اربيل
((الهيئة الفنية للتعليم الابتدائي))

العدد / ٢٥٦٦٨ ١٦/١١/
التاريخ / ١٢/١١/١٩٨٠

بيان
م/ فتح مدارس

انطلاقاً" من اهداف ثورة السابع عشر من تموز القومية الاشتراكيه واسترشاداً" بما ورد في التقرير السياسي لمؤتمر القطري الثامن لحزب البعث العربي الاشتراكي لتوفير الفرص التعليميه لكافة ابناء الشعب ولصدور قانون التعليم الالزامي ١١٨ لسنة ١٩٧٦ واستناداً" الى موافقة محافظة اربيل /الحكم المحلي /ذاتية التعليم المحلي /بكتابها المرقم ٢٠٦٠٣ في ١٩٨٠/١١/٤ تقرر فتح المدارس المدونه اسماؤها ادناه في مركز المحافظة اعتباراً" من السنه الدراسية ١٩٨٠/١٩٨١

| اسم المدرسة | الموقع |
|---|---|
| ١) تريفه للبنات | نهاية محلة آزادی مقابل المطبعه رقم ٢ |
| ٢) الصمود للبنين | نهاية محلة آزادی مقابل المطبعة رقم ٢ |
| ٣) سرسنك للبنين | منطقة بسته بيازه /برايةتي |
| ٤) د يارى للبنين | حي ٧ نيسان قرب مدرسة زينب |
| ٥) كنير للبنين | محلة منتكاوه /خلف محطة تعبئة طريق كركوك |
| ٦) كنير للبنات | محلة منتكاوه/خلف محطة تعبئة طريق كركوك |
| ٧) نازناز للبنات | محلة كوران بجانب مدرسة الجمهورية الحاليه |
| ٨) ٣٠ تموز المختلطة للدراسة العربية | طريق عينكاوه خلف مدرسة الرعاية للبنات |
| ٩) تريسكه المختلطة | محلة كوران قرب مدرسة بختيارى |
| ١٠) روضة الياسمين | محلة كوران /خلف انحصار التبغ |
| ١١) روضة القادسيه | محلة برايەتي /مقابل المستشفى الجمهوري |


برهان احمد وحيد
المدير العام

نسخه منه الى /
وزارة التربية/مكتب السيد الوكيل/ليتفضل السيد وكيل الوزير للاطلاع رجاءاً"
وزارة الحكم المحلي /مديرية الحكم المحلي العامه/مديرية التعليم المحلي /الملاك/٢
وزارة التربية/المديرية العامه للتعليم الابتدائي ورياض الاطفال /الشعبة الفنية
وزارة التربية/المديرية العامه للتخطيط التربوي/ مديرية التخطيط التربوي
وزارة التربية/ المديرية العامه للعلاقات الثقافيه/مديرية الاعلام
الامانه العامه للتربية والتعليم العالي /مديرية الشؤون الفنيه/قسم الاشراف التربوي
الامانه العامه لادارة الشؤون الداخليه/مديرية الشؤون الفنيه /الذاتية
محافظة اربيل /الادارة العامه/التحرير

تایبەت بە كردنەوەی قوتابخانە (ئەرشیفی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

پاشكۆى ژماره (3)



المديرية العامة للتربيــــة
في محافظة اربيــــل
(( البحوث والدراسات ))

الجمهوريـــة العراقيـــة

العدد / ٢٩٠٩٥
التاريخ / - ١٩٨١/٩/٢

بيـــــــان

م / فتح مدارس

انطلاقا" من اهداف ثورة السابع عشر من تموز القومية الاشتراكيــة واسترشادا" بما ورد في التقرير السياسي للمؤتمر القطري الثامن لحزب البعث العربي الاشتراكي لتوفير الفرص التعليمية لكافة ابناء الشعب ولصدور قانون التعليم الالزامي ١١٨ لسنة ٩٧٦ واستنادا" الى موافقة محافظة اربيل / الادارة المحليــة / ذاتية التعليم المحلي بكتابها المرقم ١٦١٢٧ في ١٩٨١/٩/١٢.
تقرر فتح المدارس المدونة اسماؤها ادناه في مركز المحافظة وخارجها اعتبارا" من السنة الدراسية ١٩٨١/ ١٩٨٢

| ت | أسم المدرســـة | الموقــع والعنـــوان |
| --- | --- | --- |
| ١) | نيكار الابتدائية المختلطــة | فهاية كوران في حي السيد صدام حسين وتشغل بناية متوسطة شيروان مازن . |
| ٢) | تدمر الابتدائيـــة المختلطــة | قرب معهد المهن الصحية / طريق بحركة وتشغل بناية الاسكان الثانيـــة . |
| ٣) | النبراس الابتدائية المختلطة | مقابل المخزن المبرد / بجوار مدرسة تريفة وتشغل بناية خالد بن وليد |
| ٤) | سورو الابتدائية المختلطــة | محلة روناكي بجوار متوسطة ٧ / نيسان |
| ٥) | الاندلس الابتدائية المختلطة | خلف الامانة العامة لشؤون الداخلية / خلف مركز شرطة ازادى |
| ٦) | القادسية الابتدائية المختلطــة | محلة بستة بيازة / تشغل بناية مدرسة النهضة القديمة |
| ٧) | شيماء الابتدائية المختلطة | محلة شورش داخل بناية مدرسة هلمت |
| ٨) | روضة رياحين . | قرب معهد المهن الصحي / طريق بحركة |
| ٩) | روضة الصديق | مركز قضاء الصديـــق |
| ١٠) | الكرامة الابتدائية المختلطــة | مركز ناحيـــة طق طــق |

برهان احمد وحيـــد
المديـــر العـــام

نسخة منه الى /
وزارة التربية / مكتب السيد الوكيل / يتفضل السيد وكيل الوزير للاطلاع مع التقدير
وزارة الحكم المحلي / دائرة التعليم المحلي / الملاك / ٢
وزارة التربيـــة / المديرية العامة للتعليم الابتدائي ورياض الاطفال / الشعبة الفنية
= = / المديرية العامة للتخطيط التربوي / مديرية التخطيط التربوي
= = / المديرية العامة للعلاقات الثقافية / مديرية الاعلام
الامانة العامة للتربية والتعليم العالي / مديرية الشؤون الفنية / الاشراف
الامانة العامة لادارة الشؤون الداخلية / مديرية الادارة المحلية / الذاتيـــة


(( يتبـــع لطفـــا" ))

تايبەت بەكردنەوەى قوتابخانە (ئەرشيفى بەڕێوبەرايەتى گشتى پەروەردەى هەولێر)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

پاشکۆی ژمارە (4)


بيـــــان

م/ فتح مدارس

تمشيا" مع اهداف ثورة ١٧ – ٣٠ تموز المجيدة في نشر التعليم الالزامي بين ابناء الوطن واستنادا" الى الصلاحية المخولة لنا ... تقرر مايلي :-

١- فتح مدرسة ابتدائية مختلطة في محلة روناكي باسم (مدرسة توانا المختلطة).

٢- فتح مدرسة ابتدائية مختلطة في محلة شورش باسم (مدرسة سيران المختلطة).

٣- فتح مدرسة ابتدائية مختلطة في محلة ٧ نيسان باسم (مدرسة ريزنه المختلطة).

٤- ينفذ هذا البيان اعتبارا" من بداية السنة الدراسية ١٩٨٧ – ١٩٨٨.

حسين محمد قدري عبدالقادر

المدير العام

نسخة منه الى /

وزارة التربية / المديرية العامة للتعليم الابتدائي ورياض الاطفال / مديرية التعليم الابتدائي للتفضل بالاطلاع مع التقدير.

= = / المديرية العامة للتخطيط التربوي / للتفضل بالاطلاع مع التقدير.

وزارة التربية / المديرية العامة للاشراف التربوي / للتفضل بالاطلاع مع التقدير

الامانة العامة للتربية والتعليم العالي / مديرية التخطيط والمتابعة / وحدة التخطيط للتفضل بالاطلاع مع التقدير.

الامانة العامة للتربية والتعليم العالي / مديرية الشؤون الفنية / قسم الاشراف التربوي للتفضل بالاطلاع مع التقدير.

الامانة العامة للتربية والتعليم العالي مديرية الشؤون الادارية والمالية / الذاتية / للتفضل

وحدة الاشراف التربوي / = = = = بالاطلاع مع التقدير

نقابة معلمي منطقة الحكم الذاتي مع التقدير.

مديرية الصحة المدرسية

السادة مدراء الاقسام

مديرية الذاتية والملاك

مديرية الاعداد والتدريب

مديرية النشاط المدرسي

مديرية النشاط الرياضي

مركز الوسائل التعليمية

ذاتية الابتدائي / ٤ نسخة لاجراء اللازم / حسابات الابتدائي / ٤ نسخة / الاحصاء

التخطيط / المكتبات / المناهج / الشهادات / الامتحانات / الابنية

ذاتية الموظفين / لاجراء اللازم بصدد الملاك رجاء

الارشيف / ٤ نسخة

ادارة المدارس / ٣


البحوث والدراسات / ٥ نسخة

تایبەت بەکردنەوەی قوتابخانە (ئەرشیفی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

پاشکۆی (5)



الجمهورية العراقية

المديرية العامة للتربية
في محافظة اربيل
(( ذاتية الثانوي ))
العدد / م/ث ٢٠٢٨٥
التاريخ / ١٩٨٠/١٠/١٤

بيان

م / رفع درجة وفتح متوسطات للبنين والبنات في مركز المحافظة

تمشيا " مع اهداف ثورة ١٧/ تموز المجيدة بنشر العلم في ارجاء القطر واتاحة فرص التعليم للمواطنين تقرر :-

١) فتح متوسطة باسم متوسطة زينب للبنات على ان تشغل بناية مدرسة سوران الابتدائية الواقعة قرب اعدادية كردستان للبنين .
٢) فتح متوسطة باسم متوسطة جناز للبنات في محلة كوران على ان تشغل البناية المنفذة من قبل مديرية اشغال اربيل باسم ثانوية كوران .
٣) فتح متوسطة باسم متوسطة الكفاح للبنين على ان تشغل البناية المشيدة باسم ثانوية الكفاح في مدخل محلة بسته بيازه .
٤) رفع درجة متوسطة كلاويز للبنات الى ثانوية اعتبارا " من السنة الدراسية الحالية .

برهان احمد وحيد
المدير العام

١٠/١٢

نسخة منه الى/
وزارة التربية / المديرية العامة للتخطيط التربوي / الاحصاء
= = / = = للتعليم الثانوي
= = / = = للدراسة الكردية
الامانة العامة للتربية والتعليم العالي / الادارة والذاتية / الشؤون الفنية /
محافظة اربيل / التحرير
= = / الحكم المحلي / الهندسة / التخطيط / الاملاك
منطقة الاشراف الاختصاصي في اربيل
نقابة معلمي منطقة الحكم الذاتي / فرع اربيل
المديريات العامة للتربية في محافظات القطر كافة
وحدة الاشراف التربوي الابتدائي / اربيل /
ذاتية الثانوي / ٥ / الملاك / الشعبة الفنية الثانوي / الوحدة الفنية للتقويم والامتحانات
الامتحانات والشهادات / التجهيزات الثانوي / وحدة التدريب / الاحصاء / المباني
ادارات المدارس المعنية / للعلم واجراء اللازم
شعبة الاوراق في المديرية / لفتح ملفة خاصة باسم كل مدرسة من المدارس المذكورة وجاء " .

تایبەت بە بەرزکردنەوەی پلەو کردنەوەی ناوەندی کوڕان و کچان لە ناوەندی شاری هەولێر (ئەرشیفی بەرێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

پاشکۆی ژماره (6)

الجمهورية العراقيـة

المديرية العامة لتربية محافظة اربيل
البحوث والدراسات

العدد / ٣٢٥٠٤
التاريخ / ٢٧/١١/١٩٨٣

بيـــــان

م/ فتح مدرســة .

استنادا الى ماجاء بكتاب وزارة التربية / المديرية العامة للتعليم الثانوى / الشؤون الفنية المرقم ٥٦٢٦٠ في ١٩/١٠/٩٨٣ تقرر :-

١- فتح ثانوية مسائية للبنين في مركز المحافظة باسم ثانوية ابن المستوفي المسائية للبنين
٢- ينقل اليها طلاب المدارس المسائية الصغار من عمر (١٧) سبعة عشر عاما فما دون
٣- تداوم في بناية مدرسة هلكورد الابتدائية للبنين .
٤- يكون بدء الدوام فيها من الساعة الثالثة عصرا .
٥- ينفذ هذا البيان للسنة الدراسية الحالية ٩٨٣/١٩٨٤ .

هاشم محمد سعيد البرزنجي
المدير العــام .


نسخة منه الى /

وزارة التربية / المديرية العامة للتعليم الثانوى / الشؤون الفنية /كتابكم اعلاه للتفضل بالعلم مع التقدير
وزارة التربية / المديرية العامة للتخطيط التربوى/مديرية التخطيط للتفضل بالعلم
الامانة العامة للتربية والتعليم العالي /الشؤون الفنية للتفضل بالعلم مع التقدير
الامانة العامة للتربية والتعليم العالي / الشؤون الادارية والمالية / للتفضل بالعلم مع التقدير
محافظة اربيل / التحرير
قيادة شعبة اربيل لحزب البعث العربي الاشتراكي / مكتب السيد امين السر/ للتفضل بالعلم
المديريات العامة للتربية في المحافظات كافة للتفضل بالعلم
مكتب السيد المدير العام للتفضل بالاطلاع
وحدة الاشراف التربوى الاختصاصي في اربيل للتفضل بالاطلاع
معاون المدير العام للشؤون الادارية / للتفضل بالاطلاع
معاون المدير العام للشؤون الفنية / للتفضل بالاطلاع
السادة مدراء الاقسام / للتفضل بالاطلاع
مديرية الاعداد والتدريب / للتفضل بالاطلاع
مديرية التجهيزات / للتفضل بالاطلاع
مركز الوسائل التعليمية / للتفضل بالاطلاع
المختبرات / للتفضل بالاطلاع
ذاتية الثانوى / ٥ نسخة / للتفضل بالاطلاع
حسابات الثانوى / ٥ نسخة / للتفضل بالاطلاع
ذاتية العمال / للتفضل بالاطلاع
شعب المديرية كافــة / للتفضل بالاطلاع
الملفة المدرسية / لفتح ملفة خاصة بالمدرسة

تايبەت بەکردنەوەی قوتابخانە (ئەرشیفی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

پاشکۆی ژمارە (7)


الجمهورية العراقيـــــة

المديرية العامه لتربية محافظة اربيل

وحـــدة التدريب امـــــراداری

العدد / ۱۱/ ۲۵/ ۸٤۱۵

التاريخ / ۱۵/ ۹/ ۱۹۸۰ م/ ادارة ومحاضری دورة اللغة الكرديـــة

الحاقا بامرنا الاداری المرقم ۲٦٤۷۲ والمورخ في ۱/ ۹/ ۱۹۸۰ وبالتنسيق مع المشرف الاختصاصي للغة الكردية السيد عثمان عبد الله محمد تقرران يقوم السادة المدرجة اسماوهم وعناوينهم ادناه بادارة والقاء المحاضرات في الدورة المذكورة اعلاه المقامـــة في متوسطة الجمهورية اعتبارا من يوم السبت الموافقق ۱۳/ ۹/ ۱۹۸۰.

برهان احمد وحيد

المديرالعـــــام

| ت | الاســـم الثلاثـــي | الراتب | العنوان | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|
| ۰۱ | عثمان عبد الله محمد | ۱۷۰/ ۵۰۰ | الاختصاصي التربوی /مديرا للدورة للغةالكردية | |
| ۰۲ | فيصل مصطفى حاجي | ۱۲۲/ ۵۰۰ | و.مديرمتوسطةالجمهورية /محاضرا للبنين | |
| ۰۳ | عمر شيخ الله علي | ۱۲۰/ ۵۰۰ | مدرس = = = / | = |
| ۰٤ | حمه كريم رمضان احمد | ۱٤٦/ ۵۰۰ | = = قنديل = | = |
| ۰۵ | كريم مصطفى محمد | ۲۰٤/ ۵۰۰ | مديرمدرسةهلكورد الابتدائية /محاضرا | |
| ۰٦ | نافع ولـــي سليمان | ۱٤٦/ ۵۰۰ | معلم منسبفي المديرية/ العامه للتربية | = |

نسخةمنه الى /

الامانه العامه للتربية والتعليم المالي / الشوون الادارية والمالية /الاشراف التربوی/موافقتكم الهاتفية بالنسبة للسيد عثمان عبداللهمحمد / للتفضل بالعلم مع التقدير

الامانه العامه لادارة الشوون الاقتصاديـــة والمالية / مديرية خزينة الحكم المحلي / للتفضل بالعلم مع التقدير

المديرية العامه للاعداد والتدريب / مديرية تدريب المدرسين / للعلم رجـــــــاء

منطقة الاشراف الاختصاصي في اربيل / السيد مشرف الاختصاصي اللغة الكردية للعلم رجاء / ۳

وحـــدة التدريب / الكـــــسكرتير/ مسوول تدريب المدربيـــين / الاحصاء والتقويم

حسابات الثانوی / لاجراء اللازم حسب الاصول

ذاتية الثانوی / الاجازات / الاعلام / الاحصاء

ادارة الدورة.....

ادارة المدرسة....


الموماليـــــة....

تایبەت بە بەڕێوەبردن و وانە ووتنەوەی خولی زمانی کوردی، لە ئەرشیفی کەسی (حەمە کەریم هەورامی) وەرگیراوە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

پاشکۆی ژمارە (8)



الجمهورية العراقية

وزارة التربية
المديرية العامة للدراسة الكردية
المناهج والكتب

العدد / ٦
التاريخ / ٢٨/ ٢/ ١٩٨٤

(( سري ))

الى / السيد عبد الرزاق حمد صالح
م/ تقييم ترجمة كتاب

نرفق لكم طيا كتاب التاريخ الحديث والمعاصر للوطن العربي للصف السادس الاعدادي المترجم حديثا الى اللغة الكردية ، يرجى بيان رأيكم حول سلامة الترجمة ومطابقتها مع الأصل العربي المترجم عنه وكذلك مدى التزام اللجنة بتعليماتنا حول الترجمة وموافاتنا بتقريركم واعلامنا .

الدكتور احسان عبد الكريم فؤاد
المدير العام للدراسة الكردية

المرفقات /
١- الكتاب المترجم
٢- النسخة العربية
نسخة منه الى /
مديرية الحسابات / شعبة الصرف ـ للعلم رجاء
المناهج والكتب / ٢

تایبەت بە هەڵسەنگاندنی وەرگێڕانی کتێب، لە ئەرشیفی کەسی (عبدالرزاق بیمار) وەرگیراوە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020